دیمۆكراسی بۆ ئیران خودموختاری بۆ كوردستان

# كوردستان

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨١ ٦ی نوامبری ٢٠٠٢ ژمارە ٣٥٢ ١٥٠ تمەن

## ئاكامی هەڵبژاردنەكانی پارلمانی توركیە

ئاكامی هەڵبژاردنە گشتی‌یەكانی پارلمانی توركیە كە رۆژی ١٣٨١/٨/١٢ بەرێوەچوو، دەری‌خست كە حیزبی "عەدالەت‌و پەرەپێدان" بە رێبەریی "رەجەب تەیب ئەردۆغان" كە ساڵێكە دەستی بە تێكۆشانی سیاسی كردوە، توانیویەتی بە سەر حیزبە كۆنەكارو ناسراوەكانی ئەو وڵاتەدا سەر كەوێ. بێگومان ئەمە بۆ حیزبی "عەدالەت‌و پەرەپێدان" سەركەوتنێكی گەورەو بەرچاوەو لە هەمان كاتدا شكستێكی سەختە بۆ حیزبە كۆنەكارەكانی توركیە. حیزبی عەدالەت‌و پەرەپێدانی توركیە خەریكی پێكهێنانی دەوڵەتی داهاتووی ئەو وڵاتەیە. رێبەری حیزبی ناوبراو لە قسەكانی پاش سەركەوتنی حیزبەكەی‌دا، تەئكییدی لەسەر هاوكاریی نیزامی لەگەڵ رۆژئاوادا كردەوەو بەڵێنی دا كە سەركەوتنی حیزبەكەی بكاتە سەرەتای كرانەوەی لاپەڕەیەكی نوێ لە توركیەدا. ناوبراو هەروەها تەئكییدیشی لەسەر هەوڵی توركیە بۆ بە ئەندامبوون لە یەكیەتیی ئورووپادا كردەوە.

ئەجەوید سەرۆك وەزیرو رێبەری حیزبی "دێمۆكراتیكی چەپ" بە دوای ئەو شكستە سەختەی حیزبەكەی لەم هەڵبژاردنەدا، بڕیاری دا واز لە سیاسەت بێنێ.

### لە دە ساڵەی تیرۆری دوكتور شەرەفكەندیدا

# پارلمانی فەرانسە جارێكی دیكە بۆوە بە نوێنگەی هاوپێوەندیی راشكاوانەو گەرم‌و گوڕی حیزب‌و كەسایەتی یە دێمۆكرات‌و مرۆڤدۆستەكان لەگەڵ حیزبی دێمۆكرات‌و گەلی كورد







**بەرێوەچوونی رێورەسمێك بە بۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوكتور سادقی شەرەفكەندی‌و هاورێیانی لە ساڵۆنی پارلمانی فەرانسەدا**

رۆژی چوارشەممە ٢٣ی ئۆكتۆبری ٢٠٠٢ (١ی خەزەڵوەری ١٣٨١ی هەتاوی) لە لایەن دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات‌و بە هاوكاریی حیزبی سەوزەكانی فەرانسەو بە پشتیوانیی نوێنەرانی ئەم حیزبە لە پارلمانی ئەم وڵاتەدا رێورەسمێك بە بۆنەی دەیەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوكتور سادقی شەرەفكەندی سكرتێری گشتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران‌و هاورێیانی: فەتتاح عەبدولی ئەندامی كومیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایوون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئالمان‌و نووری دێهكوردی، لە دۆستانی نیزیكی حیزب، لە ساڵۆنی "مارس"ی پارلمانی فەرانسەدا بەرێوەچوو.

سەرۆكایەتیی بەشی یەكەمی رێورەسمەكە لە ئەستۆی "كریس كۆچێرا" رۆژنامەڤان‌و نووسەری فەرانسەیی بوو كە ناوبراو تا ئێستا چەند كتێبێكی لە سەر مەسەلەی كورد نووسیوە. ئەم بەشە لە رێورەسمەكە كاتژمێر ٣/٣٠ی پاشنیوەرۆ بە وتاری بەریز "نوئیل مامیر" نوینەری پارلمان‌و كەسایەتی ناوداری فەرانسە لە حیزبی سەوزەكان‌و بە وتاری بەریز "پاتریك فاربیاز"، سەرۆكی كۆمیسیۆنی پیوەندیی‌یە نیونەتەوەیی‌یەكانی ئەو حیزبە دەستی پێ‌كرد.

٢

**سكرتێری گشتیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران هاورێی تێكۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە:**

بەشداریی ئێوە بەرێزان لەم كۆڕەدا رێزدانانە بۆ خەبات‌و تێكۆشانی شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی بێرلین‌و ئەو ئامانجە پیرۆزانە كە ئەو ئازیزانە گیانیان لەسەر دانان. هەر لەو كاتەدا نیشانەی هاودەردی‌و پشتیوانیتان لە حیزبی دێمۆكراتی كوردستان‌و هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانەیە. ٢

**نۆئێل مامیر** (سەرۆكی سەوزەكانی فەرانسەو بەرپرسی دەستەی سەوزەكان لە پارلمانی فەرانسەدا):

ئیمە لەوخەباتەدا كە ئیوە بۆ جیگیر كردنی دیموكراسی‌و بە رەسمی ناسینی مافەكانی گەلەكەتان بەریوەی دەبەن، هاودەنگ‌و پشتیوانتانین. ٤

## ژاك فات (سكرتێری كۆمیسیۆنی پێوەندیی یەكانی حیزبی كۆمۆنیستی فەرانسە): حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران هەروا بوێرانە نوێنگەی هیواو ئامانجی داهاتوویەكی سیاسی یە كە لەودا مافەكانی مرۆڤ‌و دێمۆكراسی‌و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی وەدی دێن ٤



**مادام میتران** (سەرۆكی بنیاتی فرانس لیبرتێ):

١٠ ساڵ پاش تیرۆری شەرەفكەندی ئێمە دەتوانین چ ئاكامێك لەو رووداوە دڵتەزێنە وەربگرین؟ هەتا كەنگێ بۆ یاد كردنەوە لە تیرۆری دێمۆكراتە ئێرانی‌یەكان كۆ ببینەوە؟ هەتا كەنگێ حكوومەتەكانی ئێمە وەشوێن ساتوسەودای قازانج پەرستانەی خۆیان دەكەون‌و هەق‌و عەدالەتیان بۆ دەكەنە قوربانی؟ هەتا كەنگێ دەزگا قەزایی‌یەكانمان دەبێ ناچار بكرێن قازانجە ئابووری‌و سیاسی‌و ژیئۆستراتیژیكە میللی‌یەكان وەبەرچاو بگرن؟

ئێمە چۆن دەتوانین دەرسی دێمۆكراسی‌و عەدالەت بەو وڵاتانە بدەین كە سیستەمەكانیان بە دیكتاتۆری دەزانین؟



**هیلین قاسملوو** (نەسرین خانم) (هاوسەری ر یبەری شەهید دوكتور قاسملوو):

لە هەلومەرجی ئەمرۆی تیرۆریزمی نیونەتەوەیی‌دا بە داخەوە كەمتر باسی ئەوە دەكرێ كە یەكیك لە ناوەندە ئەسلی‌یەكانی پەروەردە كردن‌و راهینان‌و تەیار كردنی تیرۆریستەكان ئیرانە‌و ئیران هەروەها پەناگای ئەو تیرۆریستانەیە كە پلانە گلاوەكانی خۆیان بە جێ گەیاندوە. ئاغای جۆرج بووش كە رادەگەیەنێ دەولەتی عیراق گەورەترین هەرەشەی بۆ سەر وڵاتەكەی خۆی پیك هیناوە، بەم جۆرە سەرنجی دنیا لەسەر ئیران‌و زۆر وڵاتی دیكە لادەبا. ٦

**هانس یواكیم ئیریك**

(وكیلی بنەماڵەی شەهیدانی كارەساتی میكونووس):

دادگای میكۆنووس لە بریاری كۆتایی‌و میژوویی خۆیدا نەك هەر راستەخۆ بكوژەكانی مەحكووم كرد، بەلكوو ریبەران‌و بەرپرسانی پایەبەرزی كۆماری ئیسلامییشی وەك بریاردەری ئەو جینایەتە بە بیروای گشتیی جیهان ناساند. . . هەق بەسەر جینایەتدا سەركەوت. لەوەكە توانیومە بە گویرەی توانایی خۆم بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ئەو سەركەوتنە هەوڵ بدەم‌و نەخشم هەبێ، شانازی دەكەم. هەر ئەوەش منی لەسەر هاوپیوەندی‌یەكی قووڵ‌و هەمیشەیی لەگەڵ ئیوە شیلگیرتر كردوە، هاوپیوەندی لەگەڵ ئیوە نەك تەنیا لەمرۆدا كە یادی قوربانی‌یەكان دەكەینەوە، بەلكوو هەمیشەو لە هەموو شوینیكدا، بەردەوام دەبێ. ٥

**ئالین شیناڵ**

(ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو لیپرسراوی بەشی میدیترانە):

سەرەرای كارەساتەكانی ڤییەن‌و بیرلین‌و زۆر سەختیی دیكە، حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران هەر وا لە مەیداندا ماوە، هەر وا زیندوویەو ئەمرۆ زۆر چالاكانە لە مەیداندا ئامادەیە. ٥

**دوكتور كریستۆف پێرۆن**

(لە بەرپرسانی پێشووی رێكخراوی یارمەتی‌یە دەرمانی‌یە نێونەتەوەیی‌یەكان):

دۆستانی حیزبی دێمۆكرات! و گەلی كورد! دڵنیابن ئێمە لەبیرتان ناكەین‌و هەر كاتێك پێویستیتان بە ئێمە بێ‌و هەلومەرجی ناوچە رێگامان پێ‌بدا، ئێمە بۆ پێشەوە بردنی ئەو ئامانج‌و بایەخانەی لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، ئامادەی هاوكاریتانین.

**پاتریك فاربیاز** (سەرۆكی كۆمیسیۆنی نیونەتەوەیی حیزبی سەوزەكانی فەرانسە):

ریژیمی ئیران هەتا ئەو وەختەی ئەسلی ویلایەتی فەقیهی وەك دوگمیكی موتلەق هەبێ توانای گۆرانی نابێ. ٤

## لەم ژمارەیەدا

پەیامی لوئیس ئەیالا سكرتێری گشتیی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست ٢
تاوانی كوردبوون لە ئێراندا ٦
رژێیمی ئێران، كۆماری یان حكوومەتی موتلەقەی ویلایەتی فەقیە ١٣
بە بۆنەی پەنجایەمین ساڵی راپەرینی جووتیارانی موكریانەوە ١٤
دەركرانی دوو دیپلوماتی سوئێدی‌و ئێرانی لەو دوو وڵاتە ١٤

درێژەی

## راپۆرتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسم لە پارلمانی فەرانسە

پاشان ئەم کەسایەتییانەی خوارەوە بە وتارەکانیان ڕێزیان لە شەهیدانی کارەساتی بێرلین گرت:

١ـ هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

٢ـ بەڕێز خانمی دانیال میتران، بەرپرسی بنیاتی "فرانس لیبرتە"

٣ـ بەڕێزخانمی پرۆفیسۆر "ژۆیس بلوو" پرۆفیسۆری زمانو ئەدەبیاتو مێژووی کورد لە زانستگای پاریس

٤ـ بەڕێز دوکتور عەبدولکەریم لاهیجی، بەرپرسی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ئێرانو جێگری فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ

٥ـ بەڕێز خانمی هێلێن قاسملوو (نەسرین خانم) هاوسەری دوکتور قاسملووی نەمر

ئەم بەشە لە ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی پەیامی بەڕێزان "لویس ئەیالا" سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیستو "هانس یواکیم" پارێزەری خێزانی شەهیدانی کارەساتی بێرلین کۆتایی هات.

سەرۆکایەتیی بەشی دووهەمی بەرنامەکە لە ئەستۆی بەڕێز خانمی "فرانسواز بریە" لە بەرپرسانی پێشووی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانو بەرپرسی ئێستای "ئەنجومەنی نێونەتەوەیی بۆ بەڕێوەچوونی داد" بوو.

لەم بەشە لە بەرنامەکەدا ئەم بەڕێزانە وتاریان پێشکەش کرد:

١ـ بەڕێز "ژان فات"، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی کومونیستی فەرانسە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە،

٢ـ بەڕێز دوکتۆر کەندال نزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس،

٣ـ بەڕێز "ئالێن شنال" بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە بەشی وڵاتانی سەربە دەریای مەدیتەرانە،

٤ـ بەڕێز دوکتۆر "کریستۆف پیرۆن" لە بەرپرسانی پێشووی ڕێکخراوی یارمەتی‌یە دەرمانی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان پەیامی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانو یارمەتی‌یە دەرمانی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی خوێندەوە کە بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی بێرلین ناردبوویان،

٥ـ بەڕێز خانمی "فلورانس وێبێر" لە بەرپرسانی پێشووی ڕێکخراوی یارمەتی‌یە دەرمانی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان، پەیامی دوکتۆر "بێرنارد گرانژۆن" سەرۆکی ئیفتیخاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانی بەو بۆنەیەوە خوێندەوە.

٦ـ بەڕێز دوکتۆر "عەلی ڕەزا نووری‌زادە" نووسەرو ڕۆژنامەڤانی ناوداری ئێران

شیاوی باسە کە ئەم ئەنجومەنو ڕێکخراوانەی خوارەوە بە ناردنی نوێنەری خۆیان لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدارییان کردبوو:

١ـ کانوونی نووسەرانی ئێران لە تاراوگە،

٢ـ ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانی‌یە سیاسیو عەقیدەتی‌یەکانی ئێران،

٣ـ ئەنجومەنی کرێکارانی کوردستان (تورکیە) لە فەرانسە (کۆمکار)،

٤ـ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان،

٥ـ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق،

٦ـ حیزبی سوسیالیستی کوردستان (تورکیە)،

٧ـ ڕێکخراوی کرێکارانی شۆرشگێڕی ئێران (ڕێگای کرێکار)،

٨ـ ڕێکخراوی فیدائیيانی گەلی ئێران،

٩ـ ڕێکخراوی فیدائیيانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)،

١٠ـ ڕێکخراوی فیدائیيانی گەلی ئێران (ئەقەللییەت)

هەروەها ئەم ڕێکخراوو ئەنجومەنانەی خوارەوە جگە لە بەشداری کردن لە ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی هاوپێوەندیی خۆیان ناردبوو:

١ـ حیزبی سوسیالیستی کوردستان (تورکیە) ٢ـ ڕێکخراوی کرێکارانی شۆرشگێڕی ئێران ٣ـ کانوونی نووسەرانی ئێران لە تاراوگە ٤ـ ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانی‌یە سیاسیو عەقیدەتی‌یەکانی ئێران ٥ـ ڕێکخراوی فیدائیيانی گەلی ئێران (ئەقەللیەت).

ئەم ڕێورەسمە کاتژمێر ٦/٣٠ی پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

# وتاری هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵلا حەسەنزادە

## سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

## لە ڕێورەسمی دەیەمین ساڵڕۆژی

## شەهید بوونی نەمران دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا لە پاریس

**خوشك و برایانی خۆشەویست!**

**میوانە بەڕێزەکان!**


بەناوی خۆم و بە نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەخێراتنتان دەکەم و زۆر سوپاستان دەکەم کە زەحمەتتان کێشاوە و لە کۆڕی یادکردنەوەی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا بەشدار بوون. بەشداری ئێوە لەم کۆڕەدا ڕێزدانانە بۆ خەبات و تێکۆشانی شەهیدانی ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ی بێرلین و ئەو ئامانجە پیرۆزانە کە ئەو ئازیزانە گیانیان لە سەر دانان. هەر لەوکاتەدا نیشانەی هاودەردی و پشتیوانیتان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانەیە.

لە ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢دا دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە ڕیستورانی میکۆنوس لە بێرلین و دوکتور محەممەدسادق شەرەفکەندی ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوڕێ فەتاح عەبدولی ئەندامی بەوەجی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاك هومایوون ئەردەڵان کادری تێکۆشەر و نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکۆردی دۆستی نیزیکی حیزب و تێکۆشەری چالاکی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی شەهید کرد.

ئەم ڕووداوە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زەبرێکی زۆر بەژان بوو چونکە تەنیا سێ ساڵو چەند مانگ پێشتریش ڕێبەری هەڵکەوتووی حیزبەکەمان دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ودۆستێکی حیزب بەناوی دوکتور فازل ڕەسووڵ لە ڤییەن، ڕاست بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرابوون. ئەوجارەیان تیرۆریستەکان بەرگی دیپلۆماتیان کرابووە بەرو بەناوی وتووێژ دەربارەی ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێران دا ڕەوانەی ئوتریش کرابوون تا دوکتور قاسملوو بخەنە داوو دەرفەتی لێ بێنن. دووپات بوونەوەی ئەم کارەساتە، تاڵی‌یەکی دووچەندانی بە تیرۆری ١٧ی سپتامبری ٩٢ی بێرلین بەخشیبوو.

ئەگەر دوکتور قاسملوو بە خاتری وەدیهێنانی ئامانجی پیرۆزی چارەسەری مەسەلەی کورد لەئێراندا چووە ئوتریش و کەوتە داوی تیرۆریستە پیشەیی‌یەکانی ڕێژیمی ئیسلامیو شەهید کرا، دوکتور شەرەفکەندییش لە کۆبوونەوەی ڕیستورانی میکۆنوس دا بۆ ئامانجێکی پیرۆزی دیکە تێ دەکۆشا. هەوڵی دوکتور سادق ئەوە بوو کە چەندی بکرێ ڕیزەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێران لە خەبات بۆ لابردنی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیه و سەقامگیر کردنی ئازادی و دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا یەك بخرێن. بەداخەوە لە بەر ئەوەی لە ئێراندا دەسەڵاتی سیاسی لە دەست کەسانێك دایە کە لەگەڵ هەموو ئامانجێکی ئینسانیی ئەم سەردەمە بێگانەن، هیچکام لەم ڕێبەرانە لە هەوڵەکانیان دا سەرنەکەوتن و تەنیا شانازی کە بۆیان مایەوە ئەوە بوو کە گیانیان لە سەر ئامانجیان دانا.

دوکتور شەرەفکەندی دەرس خوێندووی فەرانسە بوو و بەرزترین مەدرەکی خوێندنی لە ڕشتەی شیمیی تەجزیە دا لە زانستگەی پاریس وەرگرتبوو. ئەو لە گەڵ زمانی فەرانسەیی و فەرهەنگی فەرانسەیی ئاشنا بوو و پێوەندی‌یەکی بەربڵاوی لە گەڵ شەخسییەتە زانستی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەم وڵاتەدا هەبوو. هاوڕێ فەتاح عەبدولییش ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لە فەرانسە نەژیا بەڵام زۆر زوو زمانی فەرانسەیی فێر بوو و بەباشی توانی جێگای خۆی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە فەرانسەیی‌یەکاندا بکاتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ سیاسەتمەدار و دیپلۆمات و شەخسییەتە ناودارەکانی ئەم وڵاتەدا پێوەندی‌یەکی باشی دامەزراندبوو. هەردووکی ئەم شەهیدە سەربەرزانە پێوەندی‌یەکی پتەویان لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یە کورد و ئێرانی‌یەکانیش دا هەبوو. ئامادە



بوونی ئەم کۆمەڵە لە هەڵبژاردەکانی فەرانسەیی و ئێرانی و کورد لە کۆڕی یاد کردنەوەی ئەم نەمرانە دا بەڵگەی زیندووی ئەم ڕاستی‌یەیە.

**دۆستانی بەڕێز!**

ئامانجی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا لە نێو بردنی فیزیکیی خۆیان نەبوو، ئەوان بە دوای ئامانجێکی دژی ئینسانیی زۆر گەورەتر لەوەدا دەگەڕان، دەیانەویست بەوتاوانە تیرۆریستییانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی هەقخوازانەی کورد لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و خەڵکی کوردستان بەچۆكدا بێنن. بەڵام بە خۆشی‌یەوە ئەوان لە لێکدانەوەی خۆیان دا بەهەڵە چووبوون و هەر بۆیەش لە وەدیهێنانی ئامانجە ناڕەواکەیاندا ناکام مانەوە. قوتابی و میراتگرەکانی قازی محەممەد وقاسملوو و شەرەفکەندی بە گرتنە پێشی ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدیان و بەکاربردنی دەرس و ئامۆژگاری‌یەکانیان، بەپاڵۆێکدان و پشت بەستن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە پشتیوانیی ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەری لە ئێران و دەرەوەی ئێران توانیان هەردوو کارەساتی جەرگبڕی تیرۆری ئەو دوو ڕێبەرە لە سەر سەری خۆیان بگوزەرێنن و جێگای ئەو سەروەرانە پڕ بکەنەوە. بۆیە زیاتر لە دەساڵ پاش شەهید بوونی ئەو ڕێبەرانە دەبینین ئێستاش حیزبەکەیان ئاڵاهەڵگری مەیدانی خەباتو چقڵی چاوی دوژمنانی ئازادی‌یە.

**خۆشەویستان!**

ئەگەر بەداخەوە خوێنی دوکتۆر قاسملوو هاوڕێیانی لە ڤییەن کرایە قوربانیی ساتو سەودای سیاسیو ئابووریو بازرگانی، لە سایەی هەوڵو تێکۆشانی بەرپرسانەی دەزگای قەزاییو پۆلیسی ئەڵمانەوە شوێن پێی قاتڵەکانی دوکتۆر شەرەفکەندیو هاوڕێیانی هەڵگیرا تا گەیشتە دەفتەری کاری گەورەترین بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیو لە سەرووی هەموویان سەرکۆمارو بەناو ڕێبەری ئایینیو بەم جۆرە تەپڵی ڕیسوایی یەك بە یەکی دەمڕاستەکانی ڕێژیم لە ئێرانو سەرانسەری جیهاندا لێدرا. دەرچوونی حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین کە بە دادگای میکۆنوس ناوبانگی دەرکرد، بۆ حیزبی دیموکرات، بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی سەرانسەری ئێرانو بۆ هەموو لایەنگرانی هەقو عەداڵەت سەرکەوتنێکی گەورە بوو. ئەم سەرکەوتنە بەدەست نەدەهات ئەگەر ئیرادەی پتەوی دادستانو سەرۆكو قازی‌یەکانی دادگای میکۆنووسو وەکیلانی بنەماڵەی شەهیدانی بێرلین لەگەڵ هەوڵو تەقەللاو کاری لە قاودەرانەی زۆر لە شەخسییەتە کوردو ئێرانی‌یەکانو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەستی نەدابایە دەستی یەك. بۆیە ئەم هەلە بە دەرفەت دەزانم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سوپاسی خۆمو حیزبەکەم بە هەمووی ئەو لایەنانە پێشکێش بکەموسەرکەوتنی زیاتریان لە خزمەت بە هەقو عەداڵەتدا بۆ بەئاوات بخوازم.

ئەگەرچی ڕیسوا بوونی کۆماری ئیسلامی لە پێش چاوی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆخۆی دەسکەوتێکی بەنرخ بوو، بەوحاڵەش هەمووومان دەزانین کە سەرانی ڕێژیمو بە گشتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا سزای ئەو تاوانەو سەدان تاوانی دیکەی لەوبابەتەیان وەرنەگرتوە. ڕاستە دەوڵەتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا پاش دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە، بەڵام وەك دیتمان زۆری پێنەچوو کە لەبەر ساتو سەودای کاسبکارانە هەموو شتێك هاتەوە جێی خۆیو مەسەلەکە بەجارێك بێدەنگەی لێ کرا.

ئێستا ئەرکی تێکڕای حیزبو ڕێکخراوو شەخسییەتە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە کە پێکەوە هەوڵ بدەن سەرانی کۆماری ئیسلامی بە سزای هەموو تاوانەکانی ٢٤ ساڵەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە بگەیەنن. شتێکی ئاشکراشە کە تۆڵەی خوێنی قاسملوو، شەرەفکەندی، بەختیار، ڕەجەوی، بروومەند، فرووهەرەکان، سەعیدیی سیرجانی، موختاری، پوویەندەو سەدانو هەزاران کەسی دیکە لە هەڵبژاردەکانی خەڵکی ئێران کە لە لایەن تیمەکانی تیرۆرەوە، یان بە هۆی جووخەکانی ئێعدامەوە، یان لە قەتڵوعامی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانو کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستاندا لە نێو چوون، بەگرتنو موحاکەمەو سزادانی چەند مۆرەیەك لە ماکینەی تیرۆرو ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی وەرناگیرێتەوە. خوێنی ئەو ئازیزانە زۆر لەوە بەنرخترە کە بخرێتە تای تەرازووی هێندێ زەرووی تینوو بە خوێن، با ناوی گەورەو قەبەی تا ڕادەی نوێنەری خودا لە سەر زەوییشیان لەسەر خۆیان دانابێ. تەنیا وەختێك تۆڵەی شەهیدانی دەستی زۆرداری وەردەگیرێ کە بە هەوڵو هیممەتی هەموو ئێرانی‌یەکانو بە پشتیوانیی ئۆگرانی ئازادی لە سەرانسەری جیهاندا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوچووبێو ڕێژیمێکی دیموکراتو گەلی لە جێگای دامەزرابێ کە وەڵامی موسبەت بە داخوازە ڕەواکانی هەموو چینو توێژە دیموکراتی‌یەکانو هەموو گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بداتەوە. ئازادی تەنیا خوێنبایی شەهیدانی ڕێگای ئازادی‌یە.

**بەڕێزان!**

لە دوابەشی قسەکانمدا سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە لە دەوروبەری ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندیو هاوڕێیانی‌دا کۆماری ئیسلامیی ئێران شەپۆلێکی تازەی لە تیرۆرو کوشتو بڕ بە دژی خەڵکی کوردستان دەست پێ کردوەو هەروەاش درێژەی هەیە. نیزیکەی دوو مانگ لەمەوبەر لە شاری بانە دوو کەسو لە هەولێری کوردستانی عێراق کەسێك و لە وڵاتی نۆروێژ یەکێك لە ئەندامانی حیزبیان تیرۆر کرد. کەمتر لە مانگێك پێش ئێستا لە ناوچەی مەهاباد هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم تەقەیان لە کاسبکاران کردو ٣ کەسیان لێ کوشتنو چەند کەسیان لێ بریندار کردن. ئەم دوایی‌یانەش لە زیندانەکانی تەورێزو ورمێو سنە ٤ زیندانیی ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان ئێعدام کردوە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێران هیچ وەخت خەبەری ئەو ئێعدامانە ڕاناگەیەنێو زۆریش فشار دەخاتە سەر بنەماڵەی قوربانی‌یەکانی کە دوور لە چاوی خەڵك ئازیزەکانیان بە خاك بسپێرنو لە دانانی مەجلیسی سەرەخۆشییش خۆبپارێزن، ئێمە زۆر نیگەرانین کە ژمارەی ئێعدام کراوەکان لەوەش زیاتربێ.

بەم هۆیەوە لە ئێوەو لە هەموو ئینسانە شەریفەکانو کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری ئازادیو مافی مرۆڤ داوا دەکەین بە هەر ڕێگایەکدا بۆیان دەکرێ تەوژم بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی تا دەست لە ئێعدامو ئەشکەنجەو ئازاری ئازادیخوازانی ئێرانی لە کوردو غەیری کورد هەڵ بگرێ. بەو هیوایە کە لەوە زیاتر ڕێگا بە ڕێژیمی ئینسانکوژو تیرۆریستپەروەری ئێران نەدرێ بەوجۆرە یاری بە گیانو چارەنووسی ئێرانی‌یەکان بکا.

جارێکی دیکە سوپاسی بەشداریتان لەم ڕێورەسمەدا دەکەمو هەر بژین.

## چاوپیکەوتنی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەگەڵ نوینەرانی وەزارەتی دەرەوەی فینلاند

ڕۆژی سێشەممە ۲۰۰۲/۱۰/۲۹ کۆڕیکی نوینەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئـیران بە سەرۆکایەتیی هاوریی بەریز مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادەو بە بەشداری هاورییـان ئـەیوب سووری بەرپرسی کومیتەی حیزب لە فینلاند و مەجید حەقی بەرپرسی پیوەندی‌یەکان لە وڵاتی فینلاند سەردانی بەشی ڕۆژهەڵاتی نیوەراستو باکووری ئەفریقای وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کردو لەگەڵ هەیئەتیکی نوینەرایەتیی وەزارەتی دەرەوە بە سەرۆکایەتی خانمی "لینـا ریتـولا" چاوپیکەوتنیان پیک هینا.

لەو چاوپیکەوتنەدا هاورێ سکرتیری گشـتی خەتـە گشـتی‌یەکانی سیاسـەتی حـیزب لـە پیوەندی لەگەڵ دیموکراسی، مافی مرۆڤو چارەسەری کیشـەی کـورد لـە ئـیرانو هەلویسـتی حیزب بەرامبەر بە سیاسەتی "گفتگۆی ئورووپاو ئیران لە مـەر مـافی مـرۆڤ"ی ڕاگـەیاند. بـەریزیان هـەروەها وەڵامـی پرسـیارەکانی نوینـەرانی وەزارەتـی دەرەوەیـان لـە مـەر کیشەجۆراوجۆرەکانی پیوەندیدار بە ئیرانو کوردستان دایەوە.

چاوپیکەوتن لە کەشو هەوایەکی زۆر دۆستانەدا بەریوە چووو نوینـەرانی وەزارتـی دەرەوە لەگەڵ دەربرینی خۆشحالی خۆیان هیوایان دەربری کە ئەو جۆرە چاوپیکەوتنانە دریژەی هەبێ.

## پەیامی بەڕێز" لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سوسیالیست بۆ ڕێورەسمی دەیەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی

**بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! دۆستی ئازیز!**

هاوکات لە گەڵ دەربڕینی خەم و پەژارەیەکی زۆر، وێرای ئێوە بـۆ یـاد و بـیرەوەریی دۆسـت، هـاوڕێ و شـەهیدی ڕێگای خەباتی ڕەوا و مافخوازانەی گەلی کورد، دوکتور سادق شەرەفکەندی سەری ڕێز دادەنوێنم.

من کە ئەو شانازی‌یەم بوو وەك خۆم و لە نیزیکەوە لە گەڵ دوکتور شـەرەفکەندی ئاشـنا بم، وەفـاداریی ئـەوم بـە بایەخ وپرنسیپە هاوبەشەکانمان لە ئەنتر ناسیۆنال سوسیالیست دا، باوەڕی قوول بە هـاوپێوەندی و هـەروەها بەشـداری چالاکانەی لە تێکۆشانی نێو نەتەوەیی سۆسیالیست قەت لە بیر ناچێ. ئەو لە ڕوانگەی خۆیەوە بەوپەڕی لێـهاتوویی و ڕوناکبیری‌یەوە توانی یارمەتیدەری بەرەوپێشچوونی مافی مرۆڤ و ئاشتی و دێمۆکراسی بێ و بـە تایبـەت بـەو پـەڕی بوێری و کارامەیی و لێهاتویی‌یەوە ئامانجەکانی گەلی کورد ڕێبەرایەتی بکا.

لە دەیەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی دا دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئێوە و وێڕای ئێـوە و بنەماڵە و هاوڕێیانی سڵاو دەنێرم بۆ هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی وی لە ڕێگـای پێکـهێنانی دنیایـەکی یەکسـانتر و یەکگرتوتر دا و هەروەها بۆ ڕوانگە و بیر و بۆچوونی ئاشتیخوازانە و لە هەمووی ئەوانـە گرنگـتر خۆڕاگریـی ئـەو لـە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی دا و باوەڕی قووڵی بەسەرکەوتنی خەباتەکەی و ئامانجەکەی. باهەمەومان لـە ڕێگـای وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە دا تێ بکۆشین.

وێڕای گەرمترین سڵاوو ڕێز

**لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنتیر ناسیۆنالی سوسیالیست**
**لەندەن ـ ۲۰۰۲/۱۰/۱٤**

## وتاری مادام دانیال میتران سەرۆکی بنیاتی فرانس ـ لیبرتێ



بێشك ئەمن ناتوانم وەك ئەو دۆستەمان [مەبەستی مامۆستایە] قۆناغە تاڵەکانی ئەو مێژووەتان ـ کە خوزگە قەت ناچار نەباین بی‌نووسینەوە ـ وەبیر بێنمەوە. سەرەڕای ئەوەش دەستنیشان کردنەوەی هێندێك خـاڵ بـە پێویسـت دەزانم.

۱۷ی سێپتامبری ۱۹۹۲ سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حـیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فەتتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە ئورووپـا، هومایوون ئـەردەڵان، نوێنـەری حـیزب لـە ئاڵمـانو نـووری دێـهکوردی لـە بەرهەڵستکارانی ڕێژیـم لـە ڕێسـتووڕانی میکۆنووسـی بـێرلین تـێرۆر کـران. هەیئـەتی حـیزب ڕۆژی ۱۵ی سـێپتامبری ۹۲ لـە کۆنگـرەی ئەنترناسـیۆناڵ سوسیالیست لە بێرلیندا بەشدار ببوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە وەك حیزبێکی ئوپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی‌و وەك ڕێکخراوێکی سیاسـیی دێموکرات ناسراوە، ئەندامی ئەنترناسیۆناڵە.

نوێنەرانی حیزب لە حاڵێکدا بوونە قوربـانیی ڕێژیمێکـی تیرۆریسـت کـە چووبوون لە بێرلین داوایان لە دۆستە ئورووپایی‌یە دێموکراتەکانیان بکـەن کـە بۆ چارەسەریی مەسەلەی کـورد لـە ئـێران لـە چوارچێـوەی خودموختـاری‌دا یارمەتییان بدەن.

ڕۆژی ۱۰ی ئاوریلی ۱۹۹۷ دادگای فێدراڵی ئاڵمان پاش سێ سـاڵو نیـو لێکۆڵینەوە، ئێرانی‌یەكو سێ لوبنانی ئەندامی حیزبوڵڵای لە پێوەندی لەگـەڵ ئـەو قەتڵانـەدا مـەحکووم کـرد. جگـە لـەوەش دادگـا هـەروەها کۆمـاری ئیسـلامیی ئـێرانی وەك ڕێژیمێکـی جینایـەتکارو کاربەدەسـتە هـەرە پایـە بەرزەکانیی مـەحکووم کـردو عـەلی خامەنـەیی ڕێبـەری ئینقـلاب، عـەلی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی سەرکۆمارو عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێرانی وەك فەرماندەرو لێپرساوی ئەو تیرۆرە ناساندن.

ئەو بڕیارە سەرکەوتنی عەداڵەتو سەرکەوتنی سەرجەم مرۆڤایەتی بـوو. بەتایبەتی کە دادستانی پاریس لە موحاکمەی قاتڵـەکانی شـاپوور بـەختیار، سەرۆك وەزیر پێشووی ڕێژیمی شاو هاوکارەکەی‌دا ـ کە مانگی ئووتـی ۱۹۹۱ لە ماڵی خۆیان لە دەوروبەری پاریس سەریان بڕین ـ ڕێژیمی ئێران لـە مـانگی نوامبری ۱۹۹٤دا "تەبرەئەی" کردبوو. پێش ویـش دەوڵـەتی ئۆتریـش لـێ گەڕابوو قاتڵەکانی قاسملوو بگەڕێنەوە ئێرانو تیرۆری دوکتور کازم ڕەجـەویش لە سویس چاوپۆشیی لـێ کرابوو.

دوای ئـەوە دەوڵـەتی ئاڵمـان چـوار دیپلۆمـاتی ئـێرانیی لـە وڵاتەکـەی دەرکردو سەفیرەکەی خۆی لە ئێران بانگ کردەوە. چاردە ئەندامەکەی دیکەی یەکیەتیی ئورووپاش هەروایان کرد. شوورای وەزیرانی یەکیەتیی ئورووپاش لە بڕیارنامەیەکی خۆی‌دا داوای لە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران کـرد ئوسـووڵی مـافی نێونەتەوەیی وەربەرچاو بگرنو دەست لە تیرۆریزم هەڵگرن. یەکیەتیی ئورووپـا هەروەها بڕیاری دا "دیالۆگی سازندە" لەگەڵ ئێران چی‌دی درێـژە پـێ نـەدا، چی دیکە هەیئەتی ڕەسمی نەنێرێتە ئـێرانو چـی دیکـە ویـزا بـە ئـەندامانی سرویسە ئیتلاعاتی‌یەکانی ئێران نـەدرێو بەرپرسـانی ئیتلاعـاتی ئـێران لـە ئورووپا وەدەر نرێن. ئەو کاتە پێمان وابوو کە سـەرەنجام چاوەکـان کراونـەوەو بەرپرسـایەتی‌یەکان وەئەسـتۆ گـیراون، بەداخـەوە وا نـەبوو!. . . کۆمـاری ئیسلامیی ئێران بە لوتبەرزی‌یەکی بێوێنەوە وەڵامی دایـەوەو نارەحـەت لـە بڕیاری دادگای بێرلین چوار دیپلۆماتی ئاڵمانی لـە ئـێران دەرکـرد. مـانگێك

> **مەسەلەی کورد لە ئـیران تـەنیا لـە کەشـیکی دیموکراتیك‌دا کە لەودا بە دیـالۆگو گفتوگۆ بڕیاری داهاتووی ناوچەکە دەدرێ، چارەسـەر دەکـرێ. هیـچ ریژیمیکـی دیموکـرات ئیـدی ناتوانێ مافەکانی زیاتر لە ۱۰ میلیۆن کوردی ئیران وەپشت گوێ بخا.**

دواتر لە حاڵێك‌دا یەکیـەتیی ئورووپـا دەیویسـت سـەفیرەکانی هـەرچی زووتـر بگەڕێنێتەوە تاران، ئێران مەرجی بـۆ دانـانو هەڵوێسـتی خـۆی توندتـر کـرد. هەڵبژاردنی محەممەدی خاتەمی بە سەرۆك کۆماریش کە بـە "ریفۆرمخـواز" نـاوی دەرکرد، هیچی لە مەسـەلەکە نـەگۆڕیو ئـەویش هەڵوێسـتی ڕەسمیـی ڕێژیمـی تەئیید کرد.

دوای ئەوە مامەڵەو ساتو سەوداکان دەستیان پێ کـردەوە. سـاڵی ۱۹۹۷ شیرکەتی تۆتاڵ ڕێککـەوتنێکی نـەوتیی ۱۲ میلیـارد دۆڵاری لەگـەڵ کۆمـاری ئیسلامی‌و بە پشتیوانیی دەولەتی فەرانسە ئیمزا دەکـا. فەرانسـە کـە لـەکاتی قەیرانی نیوان ئیرانو ئالمانیش‌دا نەخشی نیوبژیکەرو ئەلقەی پیوەندیی هەبوو. ئـیران داوای کـرد کـە سـەفیری ئالمـان بـە تـەنیاو پـاش چـاردە سـەفیرە ئورووپایی‌یەکـەی دیکـە بگەریتـەوە ئـیران. فەرانسـە سـەرەنجام رەزایـەتی لـە کۆماری ئیسلامی وەرگـرت کـە سـەفیری ئالمـانو سـەفیری فەرانسـە پیکـەوە بگەرینەوە! ئیران زۆر مەمنوونی فەرانسەیە کە لە مەسەلەی شاپوور بەختیاردا کۆماری ئیسلامی مەحکووم نەکراو لـە قـەیران لەگـەڵ ئالمـانیش‌دا فەرانسـە پیوەندی‌یەکانی ئاسان کردبۆوە. مرۆڤ چۆن لە وەها وەزعیك بیزار نابێ؟

بۆ دامرکانەوەی قەیرانە سیاسی‌یەکە، دادستانی ئالمانیش بریاری دا کە بۆ خاتری بەرژەوەندی میللیی ئالمان ریبەرانی ریژیمی ئیران تەعقیب نەکا.

۱۰ ساڵ پاش تیرۆری شـەرەفکەندی ئیمـە چ ئاکامگیری‌یـەك دەتوانـین لـەو رووداوە دلتەزینە بکەین؟ هەتا کەنگێ بـۆ یادکردنـەوە لـە تـیرۆری دیموکراتـە ئیرانی‌یەکان کۆ ببینەوە؟

هـەتا کـەنگێ حکوومـەتـەکانی ئیمـە وەشـوین سـاتو سـەوداو قـازانج پەرەستانەیەکانی خۆیان دەکەونو هەقو عەدالەتیان بۆ دەکەنە قوربانی؟

هەتا کەنگێ دەزگا قەزایی‌یەکانمان دەبێ ناچـار بکریـن قازانجـە ئـابووریو سیاسی‌و ژیئۆستراتژیکە میللی‌یەکان وەبەرچاو بگرن؟

ئیمە چۆن دەتوانین دەرسی دیموکراسی‌و عەدالەت بـەو وڵاتانـە بدەیـن کـە سیستمەکانیان بە دیکتاتۆری دەزانین؟

ئایا چەند نووسراوەو راگەیەندراویك لە لایەن دەولەتانی ئیمە بۆ مـەحکووم کردنی ریژیمە سەرکوتکەرو دژی دیموکراتەکان بەسە؟ سالی رابردووو بـۆ جـاری ئەوەڵ کۆماری ئیسلامی نەکەوتـە بـەر مەحکوومییـەتی کۆمیسـیۆنی مـافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. ئەوە لە حـالیك دایـە کـە کۆمیسـیۆن پیشیل کرانی بەربلاوو توندی مافی مرۆڤ لە ئیرانی سەلماندووە. ئەدی بلیی لە کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤدا چ روو بدا؟

رۆژ نیە فرانس لیبرتێ هەوالی خراپی وەزعی مافی مرۆڤ لـە ئـیرانی پـێ نەگا، شکەنجە، رەفتاری نامرۆڤانەو بێحورمەتی، بەردەباران، رفاندن، بێسـەرو شوین کردن، قەتڵ، ئیعدام، داخرانـی رۆژنامـەکان، پیشـیل کرانـی ئازادی‌یـە تاکەکەسی‌یەکانو زۆری دیکەش کە جیگا نیە بیانلیم.

لە رۆژانی دوایی‌دا ئاگادار کراینەوە کە چـوار زینـدانیـی سیاسـیی کـوردی ئیرانی کە چەند ساڵ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسـلامی‌دا مابوونـەوە، ئیعـدام کراون.

پیویسـتە هـەوڵو کۆششـی خۆمـان لـەبواری لـەقاودانی ریژیـم، ئاگادارکردنەوەی بیرورای گشتی‌و راکیشانی سەرنجی دەولەتان دریژە پێ بدەیـن. ئیمە دەبێ هەروا حکوومـەتەکانمان بـە نـاردنی بـەردەوامو بێوچـانی زاینـاریی حاشاهەلنەگر لەسەر جینایەتەکانی ریژیمی ئـیران هەراسـان بکـەین. لەسـەدەی ۲۱دا ئیدی ناتوانین قبوولی بکەین کە جیهانی "شارسـتانەتی"و "دیموکـرات" کە ئیمە خۆمان بە بەشیك لەو دەزانین، لە کردەوەی بەربـەریی وەك بـەردبارانی ژنانو پیاوان چاوپۆشی بکا.

لەبەر ئەوەی ئیمە بەپیی ماددەی ۳ی بەیاننامەی جیـهانیی مـافی مـرۆڤ دیفاع لە مافی ژیان بکەین، ئیدی ناکرێ چاوپۆشی لە هەزاران نموونـەی ئیعـدام لە ئیراندا بکەین. مەسەلەی کورد لە ئیران تەنیا لە کەشیکی دیموکراتیك‌دا کە لەودا بە دیالۆگو گفتوگۆ بریاری داهاتووی ناوچەکە دەدرێ، چارەسەر دەکـرێ. هیچ ریژیمیکی دیموکرات ئیدی ناتوانێ مافەکانی زیاتر لە ۱۰ میلیۆن کـوردی ئیران وەپشت گوێ بخا.

ئەمن بە پشت بەستن بـە فەرانسـەویی بوونـی خـۆمو بـە متمانـەکردن بـە نوینـەرانی گەلەکـەم کـە گـەلیکی پشـتیوانی گـەلانی چەوسـاوەیە، داوا لـــە ئەندامانی پارلمانی وڵاتەکەم دەکەم کـە شانبەشـانی پارلمانتیرەکـانی یەکیـەتیی ئورووپا ئازایەتی لە خۆیان بنویننو نەهیلن قودسیەتی کارەکەیان بـە بیدەنگـە کردنو ساتو سەودا قبووڵ کردن بیتە خوار. ئەوە ئیوەن کە دەبێ بریـار بـدەن، نەك حکوومەتەکان یان شیرکەتە چەند میللیەتی‌یەکان.

## وتاری ئاغای پاتریك فاریباز سەرۆکی کۆمیسیۆنی نیونەتەوەیی حیزبی سەوزەکانی فەرانسە

### لە ریورەسمی دەیەمین سالوەگەری یادکردنەوەی دوکتور سادق شەرەفکەندی

**دۆستانی خۆشەویست!**

بەختەوەرم لەوە بە ناوی سەوزەکانی فەرانسەوە مەراسیمی یادکردنەوەی سادق شەرەفکەندی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دەکەمەوە. سادق شەرەفکەندی دە ساڵ لەمەوبەر لە ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢دا زۆر ناجوانمیرانە لەگەڵ سێ لیپرسراوی دیکەدا تیرۆر کرا. سادق شەرەفکەندی هەروەك عەبدولرەحمان قاسملوو لە زەینی گەلی کورد دا دەمینیتەوە. بەڵام بیرەوەریی شەرەفکەندی هەروەها لە پاریس بەجێ ماوە، چونکە ئەو لە سالی ١٩٧٢ تا ١٩٧٦ لەوێ ژیا بووو لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس دوکتورای شیمی وەرگرتبوو. ئەو هەر لە پاریسیش لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا ببووو دوای تیرۆری وی ببوو بە بابی بزووتنەوەی کورد لە ئیران واتە سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران.

سەوزەکان لە خەباتی گەلی کورد لە ئیرانو عیراقو تورکیە پشتیوانی دەکەن، ئیمە لە فەرانسە تا ئیستا زۆر جار لەگەڵ حیزبی دیموکرات بۆ پیکهینانی خۆپیشاندانو کۆنفرانسو سیمینارو مەراسیم هاوکاریمان کردوە. ئیمە حەز دەکەین هاودەنگیو پشتیوانیی خۆمان لەگەڵ کورد کە بۆ مافەکانی، بۆ کەرامەتیو بۆ ئازادیی خۆی خەبات دەکا زیاتر بکەین. ئیمە بەتایبەتی هەولەکانی خۆمان بۆ سازکردنی گرووپی کاری کوردان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەرانسەدا دریژە پێدەدەین.

کۆبوونەوەی ئەمرۆمان لە قۆناغیکی ناسکی میژووی جیهانو میژووی ناوچەو هی گەلی کورددا بەریوە دەچێ. گەلی کورد هەمیشە لەو شەرانەدا کە لە دەرەوەرا داسەپاون زەرەری کردوە. ئیمە لیرەدا بەروونی دەلیین کە هەرەشەی شەر لە دژی عیراق هیچ دەردیك دەرمان ناکاو شەریکی دیکە زیانو زەرەری زۆری بەتایبەتی بۆ گەلی کورد کە ئیستا لەو بەشە لە کوردستان دە سالە ناوچەی خودموختاری خۆی هەیە بە دواوە دەبێ. ئیران ئەمرۆ بە قۆناغیکی گرنگی گۆرانکاری‌دا تێدەپەرێ. لەو قۆناغەدا حەزی بێ دەستەڵاتەکان واتە لاوان، ژنان، کەسایەتی‌یە مەزهەبیو میللی‌یەکان، چینە مام ناوەندی‌یەکانو هەژاران هەتا دێ زیاترو قوولتر لەگەڵ قازانجی دەسەڵاتداران لە بەرەوروو بوونەوە دایە. کۆمەلی ئیران سەر لە نوێ خەریکە دیتەوە سەر سەحنەی سیاسەتی نیوخۆیی. خەلکی ئیران هەلبژاردنەکانی دوایی پارلمانیو سەر کۆمارییان کردە دەرفەتی دەربرینی خواستی سیاسیی زۆربەی خەلك بۆ وەگەرخستنی رەوتیکی بێگەرانەوەی جیگر کردنی دیموکراسیو حکوومەتی قانوون. بەڵام ئەمرۆ ئیمە دەبێ ئاکامگیری‌یەکی ئەو قۆناغە دریژەی ژیانی سیاسیی ئیران بکەین. بۆ ئەوەی ئالوگۆر وەدی بێ. چوار شت پیویستن کە ناکرێ لییان بگوزەریین:

**١ـ ریژیمی ئیران هەتا ئەو وەختەی ئەسلی ویلایەتی فەقیهی وەك دۆگمیکی موتلەق هەبێ توانای گۆرانی نابێ.** بە ناوی ئەو ئەسلەوەیە کە پیشگیری لە کاندیداتۆریی ئەمو ئەو لە هەلبژاردندا دەکرێ، ریبەری ئینقلاب ئاغای خامەنەیی کە لە لایەن تاقمیك ئاخوندەوە دیاری کراوە لە سەرکۆمار کە بە میلیۆن خەلك هەلیان بژاردوە دەسەڵاتی زیاتری هەیە. هەر چەند کە ئامانجی سەرۆك خاتەمی ئەوەیە کە لە ریگای یاسای بنچینەیی‌یەوە قورسایی خەتی مەزهەبیی سوننەتی لە سەر دەزگای دەولەت کەم بکاتەوەو سیستمی ویلایەتی فەقیە بخاتە نیو چوارچیوەی دەسەڵاتی قانوون، رەوتی دیموکراتیزاسیۆن بە بێ هەلوەشاندنەوەی ئەو ئەسلەو بە بێ گۆرینی سروشتی کۆماری ئیسلامی وەدی نایە. ئەمە سنووری ئەسلیی ریفورمخوازەکانە.

**٢ـ جیا کردنەوەی دینو دەولەت.** ئەگەر لە چەند مانگو چەند سالی داهاتوودا مەسەلەی لائیسیتە واتە جوادیی دینو دەولەت، جودایی بنیاتە مەزهەبی‌یەکانو دەولەتو ئینتیزاری دیموکراتیکی دەزگای حکوومەت چارەسەر نەکرێ، مەترسیی ئەوە هەیە کە کۆمەلگای مەدەنیی ئیران لە تەواوەتیی خۆی‌دا بە گژ تاقمی دەسەڵاتداری راستەقینەدا کە لە رووحانی‌یە موحافیزەکارەکانو ئەو ئاخوندانەی ئەهرۆمی ئابووریی بنیاتەکانی موستەزعەفینو جەنگاوەرانیان لە دەست دایە بچنەوە. ئەو بنیاتانە لانی کەم ٤٠٪ی ئابووریی ولاتیان لە دەست دایەو بە نیازن بواری گرنگو ستراتیژیکی وەك نەوتیش بگرنە دەست.

**٣ـ وەزعی ژنان.** یەکسانیی مافەکانی ژنانی ئیران لەگەڵ مافی پیاوان لە سیستمی بنیاتگەرای ئەمرۆدا ئیمکانی نیەو بەبێ مافی ژنان مافەکانی مرۆڤ وەدی نایەن.

**کردەوەی ریژیمی ئیران بریتی بووە لە کوشتنی ریبەرانی کورد نەك دامەزراندنی دیالۆگ. تیرۆری سکرتیری گشتیی حیزب لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە کاتیکدا چوو بوو لە سەر خودموختاری لە ڤییەن وتوویژ بکاو تیرۆری جیگرەکەی وی لە سپتامبری ١٩٩٢دا نموونەی تالی ئەو راستی‌یەن.**

**٤ـ خودموختاریی گەلی کورد.** هەر وەك ئەو کۆبوونەوەیە وەبیرمان دینیتەوە، کردەوەی ریژیمی ئیران بریتی بووە لە کوشتنی ریبەرانی کورد نەك دامەزراندنی دیالۆگ. تیرۆری سکرتیری گشتیی حیزب لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە کاتیکدا چوو بوو لە سەر خودموختاری لە ڤییەن وتوویژ بکاو تیرۆری جیگرەکەی وی لە سپتامبری ١٩٩٢دا نموونەی تالی ئەو راستی‌یەن. گەلی کورد وەك هەموو گەلانی دنیا مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەبێ بدریتێ. ئەوە مافیکە کە مەرج نیە هەر لە سەربەخۆیی‌دا خۆی بنوینێ، بەڵام مافیکە کە دەبێ بە تەواوی بدرێ بە گەلانی پیکهینەری ئیران.

لاوان، ژنان، کەمایەتی‌یە مەزهەبیو نەتەوەیی‌یەکانو گەلی کورد بەتایبەتی نەخشیکی بریاردەریان لە پرۆسەی سیاسی‌دا هەیە. دوایین تاقیکردنەوەی ریفۆرمخوازەکان سەرەنجام هەر خەبات بۆ وەدی هینانی مافە دیموکراتیکەکانە. ریفورمخوازەکان مەشرووعییەتی خۆیان لە دەست دەدەن ئەگەر بۆ خۆشیان بە دژی مافی مرۆڤو ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان بجوولینەوەو لە پیشیل کردنی ئازادی‌یەکان چاوپۆشی بکەن. ناوەندگەریی لە رادەبەدەر (ژاکۆبینیسم) کە مافی گەلان پشت گوێ دەخا هەر لە ئیرانێ نیە، لە عیراقو لە تورکیەش گەلی کورد لەگەڵ بەرەوروویە. هیزە دیموکراتو پیشکەوتنخوازە ئیرانی‌یەکان دەبێ لە نیو بردنی ناوەندگەری بخەنە نیو باسو دیالۆگی خۆیان. بەبێ خودموختاری یا فیدرالیزم دەولەتی ئیران لە نیوان دوو جۆر دیکتاتۆری دایەو دەبێ: ئەوی ئیستا یا ئەوەی شاو ساواك. بەبێ ئەوەی ئازادیو دیموکراسی بۆ گەلی کورد لە ئیراندا دابین بکرێ، ئازادیو دیموکراسی‌بۆ سەرجەم ئیران وەدی نایەن.

هاورییانی خۆشەویست! حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەمیشە بۆ دیموکراسی لە ئیرانو ئازادیی گەلی کورد خەباتی کردوە. شەهیدان قازی محەممەد، عەبدولرەحمان قاسملوو، سادق شەرەفکەندی بە خۆرایی تیدانەچوون. ئەوان وەك خەباتگیرانی ریی مافەکانی مرۆڤ لە زەینی عالەمدا دەمیننەوە. سەوزەکان سلاو بۆ یادی وان دەنیرنو پەیامی هیواداریو پشتیوانیی خۆیان ئاراستەی جێنشینەکەی وان واتە سکرتیری گشتیی حیزبەکەمان عەبدوللا حەسەنزادە کە لیرەیە دەکەن.

عەبدولرەحمانی قاسملوو، محەممەد سادق شەرەفکەندی! ئیمە قەت ئیوەمان لە بیر ناچیتەوە. هەر کاتیك گەلی کورد کەوتە مەترسی‌یەوە ئیمە لیبراویو غیرەتو بیرو باوەری پتەومان وەبیر دیننەوە.

دۆستانی ئازیز! ئیمە هیواداریین سالی داهاتوو بەشداریمان لە یادی شەهیدانی ریگای ئازادی‌دا لە ریورەسمیك دابێ کە بە ئازادیو ئاشکراییو بەشکۆو لە کوردستانی ئیران، لە مەهاباد بگیرێ.

## قسەکانی ئاغای نوئیل مامیر ئەندامی پارلمانی فەرانسەو سەرۆکی سەوزەکانو بەرپرسی دەستەی سەوزەکان لە پارلمان

پیم خۆشە عەرزتان بکەم کە بۆ من چەندە جیگای شانازیو سەربەرزی‌یە کە دەبینم ئیوە لیرە، لە خانووبەرەی نوینەرانی گەلی فەرانسە واتە پارلمان کۆبوونەوە. چونکە پیم وایە ئیمە لەو خەباتەدا کە ئیوە بۆ جیگیر کردنی دیموکراسیو بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلەکەتان بەریوەی دەبەن هاودەنگو پشتیوانتانین. ئەمن ئەوە بە ئیوە کوردەکانی ئیران دەلیم، بەڵام ئیمە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەش کە لە ولاتانی دیکە لەگەڵ سەرکوتو چەوسانەوە بەرەوروون هاودەنگین. بە بروای من فەرانسە دەبێ لە یارمەتیدانو پشتیوانی گەلەکەتاندا نەخشیکی ئەسلیی هەبێو بۆ گەیاندنتان بە خودموختاری هاوکاریتان بکا. خانمی میتران کە لیرەیە بێشك لە قسەکانی‌دا پشتیوانیو یارمەتی‌یەکانی فەرانسەیی‌یەکانتان وەبیر دینیتەوەو تازەیان دەکاتەوەو لەو پیوەندی‌یەدا ئەو بە تایبەتی دەتوانێ نەخشی ریکخراوە غەیرە دەولەتی‌یەکانی وەك فرانس لیبرتێ روون بکاتەوە. ئەمن بۆخۆم غەیرە دەولەتی نیمو لیپرسراوەتیی سیاسیم هەیە. بەڵام لەو چوارچیوەیەش‌دا هەمیشە هەوڵ دەدەم پشتیوانی لە خەباتەکەتان بکەم، بە تایبەتی لە قۆناغیکی ناسکی وەك ئیستادا کە ئەمریکا پرۆژەی هیرشی نیزامیی بۆ سەر عیراق هەیە. ئەمرۆ لە دیموکراسی‌یەکی لەمیژینەی وەك ولاتی ئیمەدا ژنانو پیاوانی سیاسی لەسەریانە ئەرکی خۆیان وەئەستۆ بگرنو ئازایانە رابگەیەنن کە هەتا ئەو وەختەی ئەو ولاتانە دینو دەولەتیان لیك جیانەکردۆتەوە، ئەوان ناتوانن بەراستی بە دیموکراسی بگەنو هەتا ئەو کاتەی مافەکانی کەمایەتیەکان بە تایبەتی کوردەکان لە ئیرانو لە ولاتی دیکە بەرەسمی نەناسراون، ئیمە نابێ هاوکاری لەگەڵ ئەو ریژیمانە بکەین کە میللەتەکەیان دەچەوسیننەوەو هەوڵ دەدەن بە زەبرو زۆر جیاوازی‌یە فەرهەنگی‌یەکان لە نیو ببەن.

ولاتی ئیمە ولاتیکی گەورەو لەمیژینەیە کە ئەویش دیارە بە توندوتیژی‌یەکی کەمترەوە شاهیدی لەنیوچوونی زمانو کولتووری کەمایەتی‌یەکان بوو بە چەشنیك کە ئەمرۆ فەرانسە تەنانەت حازر نیە پەیمانی ئورووپایی بە رەسمی ناسینو پاراستنی زمانە ناوچەییو مەحەللی‌یەکان ئیمزا بکا. کەوابوو ئیمە بۆخۆشمان دەبێ دەرس لە هیندیك گەلی دیکە وەربگرینو هەمیشە هەر ئیمە گەلانی دیکە ئامۆژگاری نەکەین. سەرەرای ئەوەش ئیوە دەتوانن هەروا پشت بە ئیمە ببەستنو لە چەند سالی داهاتووی ئەو دەورەیەی پارلماندا ئەمن لەگەڵ هەموو لیپرساوانی دیکەی سەوزەکانو لەگەڵ ریکخراوە غەیرە دەولەتی‌یەکانی وەك فرانس لیبرتێو فیدراسیۆنی نیونەتەوەیەی مافی مرۆڤو . . . هتد هەوڵ دەدەین قەت چارەنووسی سیاسیو فەرهەنگیی ئیوە لە بیر نەکەینو ئامادەین ئازایانە ریسکی ئەوە بکەین کە دیفاع لە مافو ئازادی‌یەکانتان بکەین.

## وتاری ئاغای ژاك فات، سکرتیری کۆمیسیۆنی پیوەندی‌یە نیونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی کۆمونیستی فەرانسە

**خۆشكو برایان!**
**هەڤاڵانی ئازیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران!**

کۆمیسیۆنەکانی فەرانسە کە ئەمن لیرە نوینەرایەتیان دەکەم، لە یادکردنەوەی سکرتیری گشتیی حیزبەکەتان دوکتور سادق شەرەفکەندی‌دا کە دە ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ سێ هاوریی دیکەی تیرۆر کران، لەگەلتانن.

سادق شەرەفکەندی دوای ئەوەی بوو بە بەرپرسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە عەبدولرەحمان قاسملووش سالی ١٩٨٩ لەگەڵ دوو هەڤالی دیکەی لە ڤییەن تیرۆر کران. ئەو جینایەتانە ئیمەیان زۆر هەژاندو بوونە هۆی ئەوەی شەپۆلیکی خەمو توورەیی لەفەرانسە وەرێ کەوێ. خەمو توورەیی‌یەك کە سەرچاوەکەی ئەو ریزو پرستیژە بەهەقەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە زۆر کۆنەوە لەفەرانسە هەیەتی. ریبەرانی شەهیدی حیزبەکەتان دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق هەردووکیان لەگەل فەرهەنگی ئیمە زۆر ئاشنا بوونو ئەمن هەردووکیانم باش دەناسی.

ئەو دوو جنایەتە ناجوامیرانەیە بۆ خویان بۆ ناسینی سروشتی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە ئیران بەسن. کی هەیە نەزانی کە قەتلی سیاسی بەلگەی کۆنەپەرستیو سەرەرۆیی ریژیمیکە کە ئایین دەکاتە ئامرازی چەوساندنەوەی میللەتی خۆی. بەخۆشی‌یەوە ئەمرۆ ئیمە دەبینین کە چینی لاوو کۆمەلی مەدەنیی ئیران کە تینووی ئازادیو پلۆرالیزمو مۆدیرنیتەن ئازایانەترو شیلگیرانەتر هاتوونەتە مەیدان. لەو هەلومەرجەدا بۆ ئیمە هیچ سەیر نیە کە دەبینین ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە هەروا بویرانە نوینگەی هیواو ئامانجی داهاتوویەکی سیاسی‌یە کە لەودا مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی پیشکەوتنی کۆمەلایەتی وەدی دین.

ئیمە دەزانین کە ئەو خەباتەتان چەندە سەختە. هەر ماوەیەك لەمەوبەر چەند زیندانیی سیاسی لەلایەن کۆماری ئسلامی‌یەوە زۆر وەحشیانە ئیعدام کران.

لەو خەباتەدا ئیمەتان لەگەلینو زۆر وشیارانەش لەگەلتانین. بەتایبەتی کە ئەمرۆ کۆمەلگای ئیران سەردەمیکی ناسکی بەرەورووبوونەوە بەسەر دەبا. خەلکی ئیرانو گەلی کورد بۆ وەدیهینانی ئامانجەکانیانو بۆ گۆرانکاریی راستەقینەو بەردەوام پیویستی‌یەکی زۆر گەورەیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، بە بیرو باوەرو بایەخەکانی ئەو حیزبەو بە تیکۆشانی بی‌وچانی ئەو حیزبە هەیە.

ئەمرۆ سەرجەم ناوچەی ئیوە کەوتۆتە نیو مەترسی هیرشی نیزامی جۆرج بووشو ئەمریکایی‌یەکان بۆ سەر عیراق. ئیوە زۆر باش باجی شەرو ئاکامەکانی دەزانن، ئیوە زۆر باش دەزانن کە سیاسەتی زەبرو زۆرو حیساباتە ستراتیژیکەکان، قازانجو ئاسایشی گەلان بەکەم دەگرن. کومۆنیستەکانی فەرانسە تەواو بەرهەلستی هیرشیکی ئەوتۆن، تەنانەت ئەگەر بە ئیجازەی شوورای ئەمنییەتیش بێ. ئیمە چاوەروانیمان لە دەولەتی فەرانسەو دەولەتانی ئورووپایی ئەوەیە کە لیبراوانە تا سەر پیشگیری لە وەدیهینانی سیناریۆی شەر بکەن. لە ئورووپاو تەنانەت لە ئەمریکا بیرورای گشتیو دەولەتان لە زۆربەی گۆشەکانی جیهان دژی ئەو شەرەن. شەریکی ئەوتۆ جگە لە قۆناغیکی دیکەی زیانو ئازارو مەینەت بۆ گەلانی ناوچە، گەلی عیراق، گەلی فەلەستین، گەلانی ئیرانو گەلی کورد، شتیك نیە.

لەو قۆناغە نوێ‌یەدا ئیمە لەگەلتانینو پشتیوانیو دیفاع لە مافەکانتان، لە ژیانتانو لە دوارۆژتان دەکەین.

# وتاری عەبدولکەریم لاهیجی سەرۆکی کۆمەڵەی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە ئیران‌و جیگری سەرۆکی فیدراسیۆنی نیونەتەوەیی کۆمەڵەکانی دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ

لەوەتەی کۆماری ئیسلامیی ئیران لەسەر کارە، زیاتر لە ١٥٠ هەوڵی تیرۆری بەرهەڵستکارانی ریژیم لە زیاتر لە ٢٠ وڵاتدا روویان داوە. لەو تیرۆرانەدا زیاتر لە ٣٥٠ کەس کوژراون یا بریندار بوون. لە نیو ئەوانەدا دوکتور عەبدولرەحمان قاسملووو دوو لە هاورییانی کە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ لە ڤییەن لە حالیکدا وتوویژیان لەگەڵ نیردراوانی ریژیم دەکرد، تیرۆر کران. شاپوور بەختیارو یاریدەدەرەکەی کە ٦ی ئووتی ١٩٩١ لە حالیکدا لەژیر پاریزگاریی پۆلیسی فەرانسەدا بوون، لە مالی خۆیان بە چەقۆ کوژران. چوار مانگ پیش ئەو قەتلە ئاغای عەبدولرەحمان بروومەند، دۆست‌و هەڤالی سیاسیی شاپوور بەختیارییش هەر بە چەقۆ لە پیش مالەکەی خۆی لە پاریس کوژراو سەرەنجام سادق شەرەفکەندی‌و سێ لە هاورییانی کە ١٧ سیپتامبری ١٩٩٢ لە بیرلین تیرۆر کران.

لە لیستی ناوی قوربانیانی تیرۆردا هەروەها پیویستە باسی سەدان بەرهەڵستی ریژیم بکەین کە لە نیوخۆی وڵاتدا کوژراون‌و لە نیو ئەواندا بە تایبەتی ئەو شەش رۆشنبیرو تیکۆشەرە سیاسی‌یە دیارن کە لە مانگەکانی نوامبرو دسامبری ١٩٩٨دا بەدەستی عامیلانی سرویسەکانی ئەمنییەتی ریژیم تیرۆر کران‌و سەرکۆمار خاتەمی بەرەسمی دانی بەوەدا نا کە ئەوان دەستیان تێدا هەبووە.

پاش بریاری دادگای بیرلین لە ئاوریلی ١٩٩٧دا کە لەودا کاربەدەستانی هەرە سەرووی ریژیم بە دەستووردەرانی قەتلی سادق شەرەفکەندی ناسیندران، هەر پازدە وڵاتی یەکیەتیی ئورووپا سەفیرەکانی خۆیانیان لە ئیران بانگ کردەوە. کەچی ماوەیەك پاش ئەو سەفیرانە گەرانەوە تاران‌و بەسەر سورماوی‌یەوە دیتمان کە سیاسەتی "دیالۆگی رەخنەگرانە" کە لە سالی ١٩٩٥ەوە دەستی پێ کردبوو، لەسالی ١٩٩٨دا بوو بە "دیالۆگی گشتی"و هەمە لایەنەو ئیستاش دەبینین کە لە مانگی ژووئەنی رابردووەوە بووە بە ریککەوتنی سیاسی بۆ وەرێخستنی وتوویژ لەسەر ریککەوتنیکی بازرگانی‌و هاوکاری لەگەڵ ئیران "بە هیندیك مەرج"!

ئەوە لە حالیك دایە کە هەر لە سەرەتای ئەو سات‌و سەودایەدا ئیمە ناوەندە ئورووپایی‌یەکانمان وشیار کردەوە کە ئەگەر ئیران هەنگاوی بەکردەوە بۆ چارەنووسی مەسەلەی مافی مرۆڤ بۆ ئازادی‌یە بنەرەتی‌یەکان هەڵنەهینیتەوە، ئەوە نیشانەی نیاز ناپاکیی ریبەرانی ریژیم‌و بێ مەیلییان بۆ باش کردنی وەزعەکەیە. لە حالەتیکی وادا، وەگەرخستنی دیالۆگی تایبەتی لەگەڵ ئیران لەبارەی مافی مرۆڤەوە هیچ سوودیکی نابێ‌و هیندەی دیکە زەربە لە ئیعتباری یەکیەتیی ئورووپا دەدا.

# هەلبژاردەی قسەکانی ئاغای ئالەن شنال ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو لیپرسراوی بەشی میدیترانە

لەسەرەتای قسەکانی‌دا گوتی: ". . . بەر لە هەموو شتیك پیم خۆشە قامك لەسەر ئەو واقیعە خۆش‌و هیوابەخشە دابنیم کە دوای کارەساتەکەی ڤییەن‌و بیرلین‌و زۆر سەختیی دیکە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەروا لە مەیداندا ماوە، هەروا زیندوویەو ئەمرۆ زۆر چالاکانە ئەو حیزبە لە مەیداندا ئامادەیە. هەر بۆیە پیم خۆشە سلاوو ریزی خۆمان پیشکەش بە دۆستی ئیمە، حەسەنزادە بکەم‌و حورمەت لینان‌و قەدر زانیی ئەو کارو هەوڵانە بکەم کە ئەمرۆ دەیانکا.

ئیمە خۆشحالین کە ئەمرۆ حیزبی دیموکرات بۆتە ئەندامی چالاك لە ئەنترناسیونالی سوسیالیستدا. ئیمە لەوێ زۆرمان پشتیوانی لە ئەندامەتی ئەو حیزبە کردو هەر لە سایەی ئەو ئەندامەتی‌یەشەوەیە کە ئەمرۆ ریگا بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەك یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و حیزبی هادەپ.خۆش بووە کە بەشداری کارو بەرنامەکانی ئەنترناسیونالْ سوسیالیست بن. ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات لە ئەنترناسیۆنالی سوسیالیستدا بۆتە هۆی ئەوەی ئەو حیزبە بنەمالەیەکی‌تر لە بنەمالەکانی خۆی زیاد بکاو بە گشتی بوونی کوردەکان لەو ریکخراوەیەدا بۆ هەلومەرجی ئەمرۆ زۆر باش‌و بەکەلکە".

بەریز ئالەن شنال پاشان بەوردی باسی تایبەتمەندی‌یەکانی کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی کردو بەتایبەتی گوتی کە دەبێ ئەو هەلومەرجە زۆر سەخت‌و پرمەترسی‌یە لەبەر چاو بگرین کە لەودا دوکتور شەرەفکەندی بەرپرسایەتیی قورسی ریبەری کردنی حیزبی گرتە ئەستۆ.

ئالەن شنال لە کۆتایی‌دا گوتی: "نازانم داخوا دەکرێ بلیین کە سالی داهاتوو ئەو ریورەسمانە لە مەهاباد دەگرین یا نا؟ بەلام هیچ شکم لەوەدا نیە کە گۆرانکاری‌یەکان لەئارا دان‌و بزووتنەوەکە دەچیتە پیش‌و زۆری پێ ناچێ کە سەرەنجام رۆژیك پیکەوە دەگەرییینەوە مەهابادو تاران‌و ئەو کات دەبینین کە مەرگی ئەو ئازیزانەی ئەمرۆ یادیان دەکەینەوە، بەخۆرایی نەبووە."

ئالەن شنال هەروەها پەیامی سلاوو پشتیوانیی پییەرمۆروا، سەرۆك وەزیری پیشووی فەرانسەی راگەیاند.

# پەیامی ژمارەیەك لە ئەندامانی دوو ریکخراوی پزیشکانی جیهان‌و ریکخراوی یارمەتیی دەرمانیی نیونەتەوەیی

بە ناوی سەرجەم ئەو ژمارەیە لە ئەندامانی ریکخراوی پزیشکانی جیهان‌و ریکخراوی یارەمەتیی دەرمانیی نیونەتەوەیی کە ماوەیەك لەنیو گەلی کورددا کاریان کردوە، دەبێ بلیین کە ئیمە لە لایەکەوە خەمبارین‌و لە لایەکی دیکەوە خۆشحالْ. خەمبارین لەبەر ئەوەی کە هەڤالانیك وەك دوکتور سەعیدو کاك فەتتاح‌و هاوریکانی ئەوانمان لە دەست داوەو بەلام خۆشحالین کە لە دەوری یەکتری کۆ بووینەتەوە تا ریز لە یادو بیرەوەریی دوکتور سەعید، کاك فەتتاح‌و هاوریيانیان کە دە سالْ لەمەوبەر بەشیوەیەکی ناجوامیرانە تیرۆر کران، بگرین.

بەلێ، ئیمە بەراستی خەمبارین، چونکە بیرەوەریی دوکتور سەعیدو کاك فەتتاح‌و ئەو دەورانە وەبیر ئیمە دینیتەوە کە ئیمە لەگەڵ ئەو دۆستانەمان لە ناوچە [کوردستان] دا بووین‌و لە دۆستایەتی، هاوکاری‌و هاودلیی نیوانمان چیژمان وەردەگرت. چۆن دەتوانین ئەو میوان نەوازی‌یە لەبیر بەرینەوە کە لە یەکەم شەوی گەیشتنمان بە چیاکانی کوردستان، لیمان کرا. بەلێ دوکتور سەعید، ئەتۆش هەروەك دوکتور قاسملوو، لە بنکەی دەفتەری سیاسی‌دا پیشوازیت لە هەرکام لە ئەندامانی ئەو دوو ریکخراوە دەکرد کە دەگەیشتە کوردستان. ئەتۆ هەموو جاریك بە روویەکی خۆشەوە گویت لە قسەکانمان دەگرت‌و بەردەوام هەولت دەدا ئاسانکاری‌یەکی وامان بۆ بکەی تا بە باشترین شیوە ئەرکەکانمان راپەرینین‌و بەرنامەکانمان جیبەجێ بکەین. لەراستی‌دا هەردوو لامان یەك شتمان مەبەست بووو ئەویش بریتی بوو لە گەیشتن بە خودموختاری. ئیمە کادری دەرمانیمان پەروەردە دەکردن‌و تۆش خودموختاری‌و ئازادیت بۆ کوردستان دەویست. لەراستی‌دا ئاواتی هەموومان یەك بووو یەك ئامانجمان گرتبووە بەرو ئەم ئاوات‌و ئامانجەش بریتی بوو لە وەدیهینانی دیموکراسی‌و دابین‌کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکەداو ئەم ئامانجەی ئیوەش بە قوولی کاری تێکردبووین، چونکە چەمکەکانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ لەم ناوچەیەی جیهاندا زۆر بەکەمی پەرەیان سەندوە.

دوکتور سەعید، ئەتۆ لەبەر ئەوەی لە پاریس‌دا خویندنت تەواو کردبووو شارەزاییت لە زمان‌و کەلتووری ئیمەدا هەبوو، نەك هەر لە نیازی ئیمە تێ دەگەیشتی، بەلکوو لە کاتە ناسکەکاندا ورەت پێ دەداین‌و تەنانەت بە قسە خۆشەکانت شادت دەکردین، چونکە بەراستی پیکەنینەکەت کارتیکەرو دلنشین بوو. هەر لەبەر ئەوەشە کە تەنانەت ئەمرۆ وەبیر هینانەوەی ئەو بیرەوەرییانە جۆریك شادی‌و خۆشی دەخاتە دلی ئیمەوەو ئیمە هەموومان ئەو راستی‌یەمان لە کوردستاندا بە گیان‌و بەدڵ هەست پێ کردوەو لەگەلی‌دا ژیاوین.

کاك فەتتاح ئیمە بۆ یەکەمجار لە نەخۆشخانەی ئازادی‌دا لەگەلت ئاشنا بووین. ئەتۆ رۆژانە لەوێ ئیکیپەکانی ئیمەو هەروەها سەرجەم پیرسنلی نەخۆشخانەت بە لیزانیی تایبەتی بەخۆت رینوینی دەکردو بەریوە دەبرد، دەکرا پشتت پێ ببەستین‌و ئەم راستی‌یەشت کاتیك کە هاتی‌یە پاریس پتر سەلماند. تۆ کە نوینەرایەتیی حیزبت لە پاریس‌دا دەکرد، بە کارامەیی‌و لیوەشاوەیی خۆتان ئەرکەکەتان راپەراند، بە زیرەکی‌و شیلگیریی تایبەت خۆتان گویت بۆ داواو پیداویستی‌یەکانی ئیمە دەگرت‌و بەباشترین شیوە بە ریبەرایەتیی حیزب لە کوردستان راتدەگەیاندن. ئەتۆ ریگات بۆ ناردنی ئیکیپەکانی ئیمە بۆ کوردستان خۆش دەکردو لەراستی‌دا ئەتۆ وەك ئالقەیەکی گرنگ بۆ هەلسوورانی چالاکانەی تیمە نیردراوەکان لەناوچەدا بووی. ئەتۆ لەگەڵ زاگرۆسی کورت‌و کەژالی خیزانت میوانداریت لێ کردین‌و ئیمە بە گیرانەوەی بیرەوەری‌یەکانمان لەبارەی کوردەکانەوە، کاتیکی خۆش‌و پر چیژمان دەبردە سەر. باسی ریزگرتنی کوردان لە میوان ناکەم، چونکە میوانداری‌یەکەیان لە دنیادا دەنگی داوەتەوە.

ئیمە زۆر دلمان بەو وەزعەی ئیستای کوردستانی عیراق خۆشە. ئامانجگەلیك وەك ئاشتی، دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ کە ئیوە لە ریگایاندا خەباتتان کردو گیانی خۆتان لە پیناویاندا دانا، خەریکن دینە دی. نزیکەی ١٠ سالیکە باری تەندروستی‌و مرۆڤی لەوێدا بەشیوەیەکی بەرچاو باش بووەو گەیشتۆتە جیگایەك کە پیویست نیە بۆ هەمیشە لەوێدا بمینینەوە. لەمەوبەدوا جیگای ئیمە لەلایەن دەزگای ئیداریی حکوومەتی خودموختاری کوردەوە کە لە لایەن گەلیك ناوەندی گرنگی نیونەتەوەیی‌یەوە پشتیوانی لێ دەکرێ، پر دەکریتەوە. چلۆن دەبێ لەم پیشکەوتنە خۆشحالْ نەبین، هەرچەند لە زۆر جیگای دیکە واتە لە زیدی ئیوە ئیران‌داو هەروەها لە تورکیەو سووریەدا کوردەکان لە ئازادی‌و خودموختاری بێ بەرین.

کاك سەعید، کاك فەتتاح، دۆستانی حیزبی دیموکرات‌و گەلی کورد! دلنیا بن لە بیرتان ناکەین‌و هەر کاتیك پیویستتان بە ئیمە بێ‌و هەلومەرجی ناوچەکە ریگامان پێ بدا، ئیمە بۆ پیشەوە بردنی ئەو ئامانج‌و بایەخانەی لە جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، ئامادەی هاوکاریتانین.

# پەیامی بەریز "هانس یواکیم ئیریك"

## وەکیلی بنەمالەی شەهیدانی کارەساتی میکۆنووس

**بەریزان، دۆستانی خۆشەویست!**

١٠ سالْ لەمەوبەر، حەوتوویەك دوای دەستدریژیی سامناکی میکۆنووس بۆ سەر گیانی ریبەرایەتیی حبزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، من لە کونفرانسیکی رۆژنامەمەنووسی لە پاریس‌دا بەشدار بووم تاکوو راپۆرتیك لە چۆنیەتیی لیکۆلینەوەی پەروەندەی میکۆنووس پیشکەشی رۆژنامەکان‌و راگەیەنە گشتی‌یە نیونەتەوەیی‌یەکان بکەم. بەدوای کۆتایی کۆنفرانسەکە، لەگەڵ خیزانی نەمر دوکتور قاسملوو کە ٣ سالْ پیشتر لە ڤییەن تیرۆر کرابوو، ئاشنا بووم. خیزانی دوکتور قاسملوو بە منی وت کە نابێ بهیلین ئاکامی کارەساتی ڤییەن لە بیرلین دووپات بیتەوە. بەو مانایە کە نابێ بهیلین بکوژەکانی جینایەتی میکۆنووس وەك تیرۆریستەکانی کارەساتی ڤییەن ـ کە بەبێ هیچ لەمپەریك بۆی دەرباز بوون‌و تەنانەت تا فرۆکەخانە بە ئیسکۆرتی پولیس بەرەو تاران بەرێ کران ـ لە بیرلین بۆی دەرباز بن. منیش لە وەلامدا وتم کە بەلینی دەدەم لەو ریگەیەدا هەموو هەوڵ‌و تیکۆشانی خۆم بەکار بینم.

دادگای میژوویی میکۆنووس پاش ٥ سالْ‌و چەند مانگ لە بریاری کۆتایی‌و میژوویی خۆی‌دا نەك راستەوخۆ بکوژەکانی مەحکووم کرد ـ هەر بەو جۆرەی کە دەزانن ٣ کەس لەوان ئیستاش هەر لە بەندیخانە دان ـ بەلکوو ریبەران‌و بەرپرسانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیشی وەك بریاردەری ئەم جینایەتە بە بیرورای گشتیی جیهان ناساند. لیرەدا نامەوێ ئەوە بسەلمینم کە من بە تەنیا عامیلی ئەو سەرکەوتنە بووم، بەلکوو ئەو سەرکەوتنە بۆ گەلیك فاکتۆرو هۆکار دەگەریتەوە.

لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوە قازی‌و وەکیلەکانی دادگا بوون کە سەرەرای ئەو هەرەشانەی لە یەك یەکی ئەوان دەکرا، لەسەر ئەو کیشەیە سوور بوون کە دەبێ بریاردەرانی ئەو جینایەتە [واتە ریبەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامییش] بە گشت جیهان بناسیندرین.

لە هەنگاوی دووهەمدا ئەوە دادگا بوو کە بە سەبرو حەوسەلەو ویست‌و ئیرادەی شیلگیرانەی لەبواری لیکۆلینەوەدا توانی گەلیك شاهیدو بەلگەی باوەرپیکراوی حاشاهەلنەگر بۆ ئەم مەبەستە کۆ بکاتەوە. سیهەمیان ئەوە رۆژنامەنووسەکان بوون کە سەرەرای دەستدریژی بۆ سەر گیانی بلاو کەرەوەو وەرگیرەکانی کتیبی سەلمان رۆشدی، لە نووسین‌و بلاو کردنەوەی راستی‌یەکان چووکترین کەمتەرخەمییان لەخۆ نیشان نەدا.

لە کۆتایی‌دا دەبێ ئاماژە بە هیزەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئیران بکەم کە قۆلی هیمەتیان هەلمالی‌و بە وەلانانی ناکۆکی‌یە نیوخۆیی‌یەکان، هەرچی زانیاری‌و بەلگەی باوەر پیکراویان لەم بوارەدا هەبوو، لە ئیختیاری دادگایان نا. ئەوانە فاکتۆر گەلیکن کە نەیانهیشت ئەوەی لە ڤییەن رووی دابوو، لە بیرلینیش دووپات بیتەوە.

لە ماوەی ئەو دە سالەدا من بۆ خۆم ئەو باوەرو متمانەیەی بەشیکی زۆری نەیاران‌و موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بەهەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە، بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانیان هەبووە، بەچاوی خۆم دیتوومە. جا بۆیە بۆ ئیوەو حیزبەکەتان سەرەرای ئەو زەبرە قورس‌و گرانەی کە وە حیزبەکەتان کەوت‌و زیانیکی زۆرتان بەم بۆنەیەوە وێکەوت، ئاواتەخوازی ئازایەتی‌و بویریی ئیوەم، لە دریژەدانی خەبات بۆ وەدیهینانی ئامانجەکانتان کە بریتی‌یە لە سەقامگیر کردنی دیموکراسی لە ئیران‌داو وەدەستهینانی خۆموختاری بۆ کوردستان.

هیوادارم کە بریاری دادگای میکۆنووس ببیتە دەرسی عیبرەت‌و مایەی ئەزموون وەرگرتنی ئورووپا کە لەمەولا بە لەبەرچاو گرتنی سات‌و سەودای دیپلۆماسی‌و بەرژەوەندیی ئابووری، چاو لە تیرۆریزمی دەولەتیی ئیران نەنووقینن‌و دەرفەت و ئیجازەی کردەوەیەکی جینایەتکارانەی لەو چەشنەی پێ نەدەن.

لە کۆتایی‌دا دەبێ بلیم حەق بەسەر جینایەت‌دا سەرکەوت. لەوە کە توانیومە بەگویرەی توانای خۆم بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ئەو سەرکەوتنە هەوڵ بدەم‌و نەخشم هەبێ، شانازی دەکەم. هەر ئەوەش منی لەسەر هاوپیوەندی‌یەکی قووڵ‌و هەمیشەیی لەگەڵ ئیوە شیلگیرتر کردوەو هاوپیوەندی لەگەڵ ئیوە نەك تەنیا لەمرۆدا کە یادی قوربانی‌یەکان دەکەنەوە، بەلکوو لە هەموو شوینیك‌و بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێ.

هانس یواکیم ئیریك ٢٠٠٢/١٠/٢٣
بیرلین



# وتاری خانمی هیلین قاسملوو (نەسرین خانم)

## هاوسەری شەهید دوکتور قاسملووی نەمر

## لە ریورەسمی ١٠ساڵەی شەهیدبوونی دوکتۆر سادق و هاوڕییانی

**لە هەلومەرجی ئەمرۆی تیرۆریزمی نیونەتەوەیی دا بەداخەوە کەمتر باسی ئەوە دەکرێ کە یەکیك لە ناوەندە ئەسلییەکانی پەروەردەکردن و راهینان و تەیارکردنی تیرۆریستەکان ئیرانە و ئیران هەروەها پەناگای ئەو تیرۆریستانەیە کە پلانە گڵاوەکانی خۆیان بەجێ گەیاندوە. ئاغای جۆرج بووش کە رادەگەیەنێ دەولەتی عیراق گەورەترین هەرەشەی بۆ سەر وڵاتە دیمۆکراتەکەی خۆی پیك هیناوە بەم جۆرە سەرنجی دنیا لە سەر ئیران و زۆر وڵاتی دیکە لادەبا.**

چ زوو دەساڵی رەبەق بەسەر رووداوی تاڵی میکونووس لە بیرلیندا تێپەری. چەند رۆژ پیش ئەو رووداوە، ئەمن و دوکتۆر سەعیدو دایك برایەکەی (رەسووڵ) بۆ هیندیك کاروبار چووبووینە کۆپینهاگ. کاتیك تەواو بووین دەبوو لە فرۆکەخانە لە یەکتر جیا بینەوە. کاك سادق شەرەفکەندی دەچووە بیرلین و ئیمەش دەگەراینەوە پاریس. فرۆکەی بیرلین دوای فرۆکەکەی ئیمە دەرۆیشت. هەر بۆیە هیندیکمان وەخت هەبوو هەتا قاوەیەك بخۆینەوەو ئاکامی سەفەرەکەمان هەڵسەنگینین. بەڵام هیندەمان قسەکرد کە فرۆکەکەمان لەکیس چوو. ئەوەش دەرفەتی داینێ کەمیك زیاتر لەگەڵ کاك سادق بمینینەوە. ئیستا کە بیر لەو رۆژە دەکەمەوە بۆمن وەك ئەوە وایە دلەکانمان خەبەریان دابێ و ویستبیتیان بۆ ئاخر جار کەمیکی دی لەگەڵ ئەو کەسە بمینمەوە کە رۆژەکانی دەبژیردران.

دوکتۆر سادق شەرەفکەندی مرۆڤیکی زیرەك و راستگۆ هاودەمیکی تیگەیشتوو مەشرەف خۆش بوو. لەبەر ئەوەی شیمی‌زان بوو، شیوەی بیرکردنەوەی وەك زانایانی زانستە سروشتی‌یەکان بوو. بۆ هەر بریاریك کە دەبوو بیدا، لە پیشدا لایەنە موسبەت و مەنفی‌یەکانی لە نیو تەرازووی وردی هەلسەنگاندن دادەنان. ئەو ئاوا حیزبەکەی بەریوە دەبرد. شیوەی بەریوەبردنی، کەسایەتی‌یەکەی، راستگۆیی‌یەکەی، تاقمی دەسەڵاتداری ئایەتوڵڵاکانی دەترساندو هەربۆیەش بە مەرگیان مەحکووم کرد.

لەگەڵ ویدا فەتتاح عەبدولی و هومایوون ئەردەڵان و نووری دیهکوردییش بوونە قوربانی‌یەکانی نیو ئەو قەتلوعامەی کە لە دەوری میزیکی ریستۆرانی میکۆنووسی بیرلین وەرێ خرا.

سادق شەرەفکەندی تەنیا سێ ساڵ پاش مەرگی دوکتۆر قاسملوو لە بەریوەبردنی حیزب و لە ژیاندا مایەوە. پاش مەرگی دوکتۆر قاسملوو ئەمن لە ڤییەن مەئمووری وەشوین کەوتنی ئەو قەتلە بووم بۆ ئەوەی تیرۆریزمی دەولەتیی ئیران بە دنیا بناسینم و بۆ ئەوەی ئەو هۆکارانە بدۆزمەوە کە دەولەتی ئوتریشیان هینایە سەر ئەوەی دوو لە قاتلەکان ئازاد بکا. لەو رووداوەدا کە دوکتۆر قاسملوو دوکتۆر فازل رەسووڵ کوژران، نیردراوانی دەولەتی ئیران بۆ بەناو وتوویژ بە تیرۆریست دەرچوون. لەو هۆکارانەی باسم کردن زۆرم دیتنەوە یەکیك لەوان سات و سەودای نیودەولەتی بوو. ئەو دەم ئۆتریش چەك و چۆلی بە ئیران و عیراق دەفرۆشت، شتیك کە هەقی نەبوو. چونکە ئەو کاتە ئوتریش هیشتا دەولەتیکی بێلایەن بوو. دوای تیرۆری ڤییەن، ئوتریش لە ژیر فشاری حکوومەتی ئیراندا دوو لە قاتلەکان سەحراروودی و بوزورگیان کە پۆلیس خستبوونیە ژیر چاوەدیری ئازاد کردو هیشتی بەوپەری ئەمنییەتەوە ئوتریش بەجێ بیلن. قاتلی سیهەم مستەفەویش هەر پاش جینایەتەکە خۆی دەرباز کردبوو.

ئەمن ئەو کاتە پەروەندەیەکی قەزاییم دروست کرد بۆ ئەوەی لەلای دیوانی بەرزی ئوتریش شکایەت لە دژی دەولەتی ئوتریش بکەم. هەر لە ئەوەلەوە دەمزانی کە تاقە کەسیك ناتوانێ بەرەورووی حکوومەتیك بیتەوە. سێ ساڵ دواتر دیوانی بەرز رای گەیاند کە شکایەتەکەم رەت کراوەتەوە. بایەخ و مەبەستی ئەو شکایەتە ئەوە بوو کە بە رەسمی نیشان بدرێ کە دەولەتیکی ئورووپایی قازانجە بازرگانی‌یەکانی بەسەر عەدالەتدا تەرجیح داوە. بۆ دەولەتی ئوتریش ئاسانترین ریگا ئەوە بوو کە لی گەرێ جینایەتکارەکان ئەو وڵاتە بەجێ بیلن، چونکە بەم جۆرە ئیمکانی سازدانی دادگایەکیش لەنیو دەچوو. بەڵام لە کارەساتی بیرلیندا پۆلیسی ئالمان تیرۆرریستەکانی ئازاد نەکردو دادگای بیرلین پیك هات و جینایەتکارەکان بە توندی مەحکووم کران. لەوەش زیاتر دەزگای قەزایی ئالمان رای گەیاند کە ریبەری ریژیم فەرمانی قەتلی شەرەفکەندی داوە. بەراستی شوجاعەت و لیبراویی قازی‌یەکانی بیرلین جیگای ئافەرین و ستایشە و هیوادارین لە داهاتوودا ژمارەی قازیی لەو بابەتە لە هەموو جییەك زۆرتر بێ.

لە هەلومەرجی ئەمرۆی تیرۆریزمی نیونەتەوەیی دا بەداخەوە کەمتر باسی ئەوە دەکرێ کە یەکیك لە ناوەندە ئەسلی‌یەکانی پەروەردەکردن و راهینان و تەیارکردنی تیرۆریستەکان ئیرانە و ئیران هەروەها پەناگای ئەو تیرۆریستانەیە کە پلانە گڵاوەکانی خۆیان بەجێ گەیاندوە. ئاغای جۆرج بووش کە رادەگەیەنێ دەولەتی عیراق گەورەترین هەرەشەی بۆ سەر وڵاتە دیمۆکراتەکەی خۆی پیك هیناوە بەم جۆرە سەرنجی دنیا لە سەر ئیران و زۆر وڵاتی دیکە لادەبا.

ئەمرۆ با یاد لەو کەسانە بکەینەوە کە بە دەستە پیسەکانی تیرۆریزمی دەولەتی گیانیان لی ستیندرا، با یاد لە کاك سادق بکەینەوە کە بە هەموو وجوودیەوە خزمەتی‌گەلەکەی کرد، با یاد لە غیرەتی وی بکەینەوە. ئەمرۆ ئیمە با سوجدە بۆ ئەو میراتە بەرین کە ئەوان بۆ ئیمەیان بەجێ هیشتوە، با سوجدە بۆ هەولە دلخوازەکانی وان بۆ نەجاتدانی گەلی کورد لە مەینەت بەرین، با سوجدە بۆئەو واقیعە بەرین کە ئەوان بۆی تیدا چوون کە بەرەورووی ئەو زالمانە بوونەوە کە بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا حازر بوون ناپیاوانە بیان کوژن. با قەت ناوی ئەو سەروەرانەمان کە خەباتکاری ریگای مافەکانی مرۆڤ بوون لە بیر نەچیتەوە. با نەسلەکانی داهاتوو دەرس لە ژیان و بەسەرهاتی وان وەرگرن و بیکەنە سەرمەشقی خۆیان.

# تاوانی کوردبوون لە ئیران‌دا

**عەلی‌رەزا نوری‌زادە**

گەرچی کوردەکان یەکەمین زنجیرەی پاشایەتییان لە ئیراندا دامەزراندوەو، مادەکان بە دەسپیکی شارستانەتی ئیرانی لە قەلەم دەدرین و، گەرچی لە ئیراندا بە پیچەوانەی تورکیە کە کوردەکان بە تورکی چیایی ناودەبا، هەرگیز کەسیك سووکایەتی‌یەکی لەم چەشنەی بە کوردەکان نەکردوە، بەڵام کوردەکان پتر لە گەلانی دیکەی ئیران زۆلم و زۆریان لێکراوەو چەوسینراونەتەوە.

سەرەرای ئەمەش هیچ‌کات بەدریژایی میژووی ئیران تەنانەت لە ماوەی سەرکوتی دەسەڵاتە ناوچەیی‌یەکان لە سەردەمی رەزاشادا لە دەیەکانی سیهەم و چوارەمی سەدەی بیستەمدا کە تییدا زولموزۆریکی لە رادەبەدەر لە کوردەکان کرا، ئەوان هیندەی ئەم دوو دەیەیەی دوایی کە تووشی سەرکوت، کوشتوبرو تواندنەوەی کەلتووری بوون، زەبریان لێ نەکەوتوە. بۆ سەلماندنی ئەم راستی‌یەش ئەوەندە بەسە کە چاویك بە ژمارەی کوژراوەکان چ لە هیرشە نیزامی‌یەکان، چ لە گوللەباران و ئیعدامەکان و چ لە قەتلەکانی دەرەوەی وڵاتدا کە بە دەستی بەکریگیراوانی دەزگای ئیتلاعاتی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لەم بیست و سێ سالەدا ئەنجام دراون، بخشینین و ژمارەی ئاوارەو دەربەدەرەکان و هەروەها بنەماڵە لیك دابراوەو تیکچووەکانیشی لێ زیاد بکەین، ئەوکات بۆتان دەردەکەوێ کە سەرکوتی کوردەکان بەشیوەیەکی ریکوپیك و گەڵاڵە بۆ داریژراو، یەکیك لە ئامانجە ستراتیژی‌یەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی بووە. تیکرای گەلانی ئیران لە لایەن ریژیمیکەوە کە ریش و مەندیل دوو نیشانەی گرنگی ئەون، بەردەوام تووشی زولموزۆرو سەرکوت دەبن، بەڵام ئەو زولموزۆرە بە نیسبەت کوردەکانەوە دوو قاتە. چونکە هەم کوردن و هەم مەزهەبیان لەگەڵ مەزهەبی رەسمیدا جیاوازە. وەکی دیکە ئازەری‌یەکی ئیرانی هەر بەو ئەندازەیە دەچەوسیتەوە کە فارسەکان، لورەکان، گیلانی‌یەکان و کرماشانی‌یەکان دەچەوسینەوە. چونکە ئازەری‌یەکە شیعەیە کەواتە هیچ گومانیك لە ئیسلامەکەیدا نیە، بەڵام کوردەکان، بەلووچەکان، تورکمەنەکان، تالشی‌یەکان و سوننی‌یەکانی باشووری ئیران لەبەر ئەوەی سوننین نرخیکی پتر بۆ سەلماندنی وەفاداریی خۆیان (Loyalty) بە ئیران و نیزامی حاکم بەسەر ئیراندا دەدەن ـ لەم نیوەدا کوردەکان وەزعیکی تایبەتیان هەیە، بەگشتی بەهۆی ئەوە کە کوردەکان لە نیو قەومەکانی دیکەی ئیراندا بەهۆی تەئسیری ئامۆزاکانیانەوە لە تورکیە، عیراق، سووریە، لوبنان و قەفقازدا، بە دریژایی سەدەی بیستەم لەچاو قەومەکانی دیکەی ئیران پتر لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی لەئیراندا چالاکییان نواندوەو تەنانەت جاریك پاش شەری دووهەمی جیهانی بۆ ماوەی چەند مانگ دەسەڵاتیکی خودموختاریان بەناوی جمهووریی مەهاباد [کوردستان] دامەزراندو دوای ئەوەش رۆلەی وەك دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوویان تێدا هەڵکەوتوە کە لە خەبات و جووڵانەوەی ئازادی و یەکسانخوازیی‌یەکانی (سوسیالیزم) لە ناوچەکەدا رۆڵ و نەخشیکی بەرچاویان هەبووە. کەوابوو حکوومەتە ناوەندی‌یەکانی ئیران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی پتر دلی لێ پیس کردون.

دوای شۆرش، حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نەخشیکی کاریگەرو بەرچاوی لە ریکخستن و هاندانی خەلکی کوردستان دژی ریژیمی پیشووی ئیران و سەرخستنی شۆرشدا هەبوو، هیوادار بوو لە چوارچیوەی ریژیمی تازەی ئیراندا بە بەشیك لە داواکاری‌یەکانی خۆی بگا و لانیکەم لە بەریوەبردنی کاروباری کوردستاندا نەخشی هەبێ. بەڵام کاتێ کە ئایەتوڵڵا خومەینی تەنات ریزی لە دەنگی خەلکی کوردستان نەگرت و ریگای نەدا دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، نوینەری هەلبژیردراوی خەلك لە مەجلیسی خوبرەگاندا (شوورای ئامادەکردنی قانوونی ئەساسی) بەشدار بێ و لە یەکەم دانیشتنی خۆیدا لەگەڵ ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگاندا، هیرشیکی چاوەروان نەکراوی کردە سەر دوکتور قاسملووو حیزبی دیموکرات. بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینی هیرشی بەربڵاوی پاسدارانی شۆرش دژی گەلی کورد دەستی پێ کردو لە مەهاباد و پاوە و سنە و شارو گوندەکانی دیکەی کوردستاندا لافاوی خوین هەستا. لە شاری پاوە، پاش ئەوەی پاسدارانی شۆرش چوونە نیویەوە، پۆل بە پۆل کوردەکانیان بە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە دەبەستەوەو ئەوجار بە موسەلسەل وەبەر دەسریژیان دەدان.

ئەو وینەیە کە من لە مانگی ئووتی ١٩٧٩ی زایینی‌دا بەنهینی لە ئیرانەوە بردمە دەرێ و لەودا دوو برای هاورێیەکم فەرهاد رەشیدیان، واتە برایانی ناهید لە فرۆکەخانەی سنەدا ئیعدام دەکران، هەمووتان دیتووتانن. من ئەم وینەیەم دایە رۆژنامە فەرانسەوی و ئینگلیسی‌یەکان. یەکیك لە برایانی ناهید بەسەر برانکاردەوە بووو ئەوی دیکەیان بەدەستی شکاوەوە کە لە گەچ گیرابوو، گوللەباران کران.

دوکتور قاسملوو دواتر بۆی گیرامەوە کە ئەو وینەیە رووی راستەقینەی ریژیمی ئایەتوڵڵا خومەینی دەرخست و بۆ خەلکی جیهان دەرکەوت کە گاندی‌یەکی دیکە دەرنەکەوتوە، بەلکوو کردەوەکانی هیتلەرو ئیستالین خەریکن دووپات دەبنەوە. ریژیمی ئیسلامیی ئیران لەپیوەندی لەگەڵ کوردەکاندا هیچ کات گویی بۆ تایبەتمەندیگەلیك وەك پیوەندی‌یە میژوویی‌یەکان، سۆزی هاوبەش و خۆشەویستیی هاوبەشی هەردوولا لە ئیراندا نەداوە. لە روانگەی ریبەرانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، کوردەکان ئەو سوننی‌یە لامەزهەبانەن کە باوەریان بە عومەر هەیەو زۆلمیان لە فاتمەی زەهرای کچی پیغەمبەر کردوە.


هەر ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە بەسەر ئەوانەی کە دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوویان لە ڤییەندا بە فەرمانی ریبەری کۆماری ئیسلامی و وەزیری ئیتلاعاتەکەی واتە عەلیی فەلاحیان کوشت، زاڵ بوو، بۆیە گشتیان دوای لێ بوونەوە لە نویژو دۆعا، چەقۆکانیان تیژ کردنەوەو خەشابەکانیان وەسەر دەمانچەکانیان هاویشتن.

بکوژانی دوکتور سادق شەرەفکەندی ـ جیگری دوکتور قاسملوو ـ و هاورییانی لە ریستۆرانی میکونووسی بیرلینیشدا چ ئەوانەی کە خەلکی لوبنان بوون و لە کاتی نویژ خویندندا روویان لە رووگەی وەلیی فەقیه لە ئیران دەکردو چ ئەو سێ چوار گەڵاڵە داریژەرە ئیرانی‌یە، هەموویان لەو باوەرەدا بوون کە بە کوشتنی چەند لایەنگریکی عومەر، شوینیکی خۆشتریان لە بەهەشتدا بەنسیب دەبێ، نزیکەی سێ حەوتوو لەمەوبەر عەلی ئاغا محەممەدی جیگری رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئیران و راویژکاری تایبەتی ریبەری کۆماری ئیسلامی لە کاروباری کوردستانی عیراق و ئوپۆزیسیۆنی شیعەی ئەو وڵاتەدا، دوای سەردانیك بۆ بەغدا و دیدار لەگەڵ وەزیرانی دەرەوە، ئابوری، بازرگانی، ریگاوبان و بەرپرسی ئیستخباراتی عیراقدا لە گەرانەوە بۆ تاران، راپۆرتیکی بۆ کاربەدەستانی پایەبەرز نارد کە تییدا ئەوەی وەبیر هینایەوە کە کوردە ئیرانی‌یەکان بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ کوردەکانی عیراقدا هاوکاری دەکاو ئامانجیان دامەزراندنی کۆماری کوردستانی گەورەیە. دەسبەجێ پاش راپۆرتەکەی ئاغای محەممەدی، سێ ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ماوەیەکی زۆر بوو لە زینداندا بوون، ئیعدام کران.

چەندین ساڵ لەمەوبەر کاتیك هیندیك لە کۆنەپاریزان و هەروەها ریژیمی دەسەڵاتداری ئیران، کوردەکانیان بە جیاوازیخوازی تاوانبار دەکرد، دوکتور قاسملوو رای‌گەیاند، هەرکەس گومانی لە ئیرانی بوونی کوردەکان هەیە با بێ بزانین کێ پتر لە ئیمە ئیرانی‌یە. ئیمە یەکەم زنجیرەی پاشایەتیمان لە ئیراندا دامەزراندوە یا ئەوانەی کە لەجیاتی ئیرانی نازناوی ئیسلامییان بۆ خۆیان دیاری کردووە. زۆر سەیرە حیزبیك کە دروشمە ستراتیژی‌یەکەی دیموکراسی بۆ ئیران و خودموختاری بۆ کوردستانە، لەروانگەی هیندیك لە کاربەدەستانی ریژیمەوە بۆ سەلماندنی ئیرانی بوونی خۆی دەبێ لە پیشدا، بروای خۆی بە ویلایەتی فەقیه بسەلمینێ، بەڵام کاتیك کە بەرهەلستکاریکی عیراقی دەکەنە سەرۆکی دەزگای قەزایی ئیران و کەسیك لیی ناپرسێ ناسنامەکەت لە کوی دەرهیناوە!

کاتیکە خاتەمی دوکتور عەبدوڵڵا رەمەزانزادە زرە کوردیکی پسپۆری لە بواری قەوم ناسی لە زانستگەی بیلژیکدا کردە ئوستانداری کوردستان، هەمووان لەوباوەرەدا بوون، بارودۆخی کوردستان گۆرانی بە سەردا دێ، بەڵام زۆری پێنەچوو رەمەزانزادە بانگ کرایە تاران و ئەوەندەی نەمابوو لە ئیویندا زیندانی بکرێ، چونکە بەپیچەوانەی ویستی وەلیی فەقیه و نوینەران و پاسدارەکانی لە کوردستاندا، ناوبراو سوور بوو لە سەر ئەوە کە بۆ بەریوەبردنی کاروباری کوردستان کەلك لە خەلکی ناوچەکە وەربگری. ئیستا کوردستان لەژیر دەسەڵاتی سوپای پاسداران و ریکخراوی ئیتلاعات دایە، ئیرانی‌ترین ئیرانی‌یەکان واتە کوردەکان، لە ژیر زولموزۆری چەندقات دان و سەرەرای ئەو هەموو ئەشکەنجە و کوشتوبرە وا هاوار دەکەن، دیموکراسی بۆ ئیران و خودموختاری بۆ کوردستان.

# هەواڵەکانی کوردستان



## کۆچی دوایی حاجی قاسمی کەریمی

رۆژی سی‌شەممە ٢٠٠٢/١٠/١٥ حاجی قاسمی کەریمی خەڵکی بۆکان‌و دانیشتووی شاری هەولیر لە تەمەنی ١٠١ ساڵی دا بەهۆی سەکتەی قەلبی لە نەخۆشخانەیەکی ئەو شارەدا کۆچی دوایی کرد.

حاجی‌قاسم کە لە کوردستانی عیراق بە حاجی عەزیز رەحیم ناسرا بوو لە دایك بووی شاری بۆکان و ئەندامی کۆمەڵەی(ژ.ك) بوو و یەکیك لە بەریوەبەرانی بریارەکانی کۆمەڵەی(ژ.ك) لە شاری بۆکان بووە و لە دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکرات دا بۆتە ئەندامی هەڵسووری ئەو حیزبە. لە ساڵی ١٣٣١ بۆ داکۆکی لە مافی جووتیارانی ناوچەی موکریان نەخشی بەرچاوی هەبوو. ناوبراو لەدوای تیکشکانی راپەرین و کودەتای ٢٨ی گەلاویژ راوەدوو نرا و لە ئاکام دا بە ناچاری پەریوەی کوردستانی عیراق بووە و تا کاتی کۆچی دوایی هەر لەوی ماوەتەوە. دەستەی نوسەرانی "کوردستان"بەو بۆنەوە سەرە خۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری خوالیخۆشبوو حاجی قاسمی کەریمی دەکا.

### سەردەشت

شەوی ٣٠ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی هیزە بەکریگیراوەکانی ریژیم لە ناوچەی سەردەشت تەقەیان لە دوو کەس بە ناوەکانی تۆفیق سووری‌و سەلام عەبدوڵلازادە خەڵکی گوندی "مارەغان" کردو هەردوو کەسیان کوشت. دوای دوو رۆژ تەرمی ئەو دوو کەسەیان داوەتەوە بنەماڵەکانیان‌و هەرەشەیان لێ کردوون کە دەبێ بەشەو بیاننیژن‌و نەیان هیشتوە لەسەردەشت سەرەخۆشییان بۆ دانین. ئەو کردەوەی ریژیم شەپۆلیکی نارەزایی، توورەیی‌و بیزاری لە نیو خەڵکدا دژی بەکریگیراوان‌و خۆفرۆشانی ریژیم وەرێ خستوە.

¤¤¤

بە پیی هەواڵیك کە بە رۆژنامەی "کوردستان" گەیشتوە، رۆژی ٢ی خەزەڵوەری ٨١، جاشیکی خۆفرۆش‌و بەکریگیراو بەناوی محەممەد کوری عەبدوڵلا وەتمان خەڵکی گوندی "سویروێ"ی ناوچەی گەورەگایەتیی رەبەت کوژراوە. ناوبراو خۆفرۆشیکی دزو جەردە بووو لەساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی‌یەوە چەکی خەیانەتی بۆ ریژیم لە شان کردبووو لە دژی خەباتی رەوای گەلەکەمان نۆکەری بۆ ریژیم دەکردو لە ئەزیەت‌و ئازاردانی خەڵکی ناوچەو لە ئەنجامدانی هیچ چەشنە کردەوەیەکی ناشیرین نەپرینگاوەتەوەو رۆژی کوژرانیشی بۆ راوو رووت چووبووە سەر ریگای کاروانچی‌و کاسبکارەکانی ناوچەو داوای پووڵ‌و پارەکانیان لێ دەکا. بۆیە خەڵکی چەوساوەو نارازی‌و وەزالەهاتووش بۆ دیفاع لە گیان‌و ماڵی خۆیان رژانە سەری‌و کوشتیان.

# تیکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### سویس

## بەشداری هەیئەتیکی حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی پارتی سوسیال دیموکراتی وڵاتی سویس‌دا

لە رۆژەکانی ١٩ ـ ٢٠/ ٢٠٠٢/١٠ لەژیر دروشمی "دادگەری، ئاسایش‌و ژیانیکی باش بۆ هەمووان" کونگرەی پارتی سوسیال دیموکراتی وڵاتی سویس لە شاری "زوریخ"ی ئەو وڵاتە بەسترا. لەلایەن حیزبی سوسیال دیموکراتی سویسەوە بۆ ئەم کۆنگرەیە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەك میوان بانگهیشتن کرابوو.

هەیئەتی نوینەرایەتیی حیزب کە لە هاورییان کاك عادڵ ئەلیاسی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە سویس‌و کاك زوبیر ئەمینی‌زاد، ئەندامی کومیتە پیك هاتبوو، لە ماوەی دوو رۆژ کاری کۆنگرەدا چاویان بە بەریزان دوکتور پیتر ڤۆلمیر (Peter volimer) ئەندامی پەرلمان‌و بەرپرسی کاروباری دەرەوە لە وەزارەتی دەرەوەی سویس، خاتوو "رۆت درای فووس" وەزیری بیمەو لەشساغی‌و خاتوو "کریستینال گۆل" جیگری سکرتیری گشتیی بەشی فەرانسەیی زمان، ئاغای "سیمون ئۆلزین" بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی زوریخ، ئاغای "بورخارد فرای" بەرپرسی سەندیکای کریکارانی زوریخ‌و ئاغای "رۆدریك فیلیپ" لە رۆژنامەی تریبوونی ژنیڤ (ribunede Geneve) کەوت‌و ئەوانیان لە ئیعدامی ئەم دواییانەی تیکۆشەرانی دیموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئاگادار کردەوەو لەسەر وەزعی ئیران‌و کوردستانی ئیران‌و سیاسەت‌و روانگەی حیزبی دیموکرات بیروڕایان گۆرییەوە.

### نۆرویژ

## ریورەسمی یادکردنەوەی شەهیدان

پاش نیوەرۆی رۆژی ٢٦ی/٢٠٠٢/١٠ی زایینی کومیتەی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ، کۆبوونەوەیەکی بۆ یادکردنەوەو ریزگرتن لە شەهیدان هەمزە قادری، جەلیل زیوەیی، خالید شەوقی، سالح گودەرزی‌و مامۆستای کۆچ کردوو مەلا ئەحمەدی خالەیی لە شاری ئۆسلۆ پیك هینا.

لەو ریورەسمەدا کە پتر لە ٣ سەعاتی خایاند زۆربەی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری ئۆسلۆو هەروەها نوینەرانی حیزب‌و ریکخراوە کوردستانی‌و ئیرانی‌یەکانی وەك یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان، پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریە، کومیتەی هاوکاریی هیزە کوردستانی‌یەکان لە نۆرویژو ریکخراوی یەکیەتیی فیدایی‌یانی گەلی ئیران بەشدارییان کردبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا راگەیاندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب لەو پیوەندی‌یەدا خویندرایەوەو لە سەر کەسایەتیی سیاسی شەهیدانی نەمرو مامۆستا مەلائەحمەد خالەیی قسە کرا. لە دریژەی کۆبوونەوەکەدا دوو سروودی شۆرشگیرانەو چەند کۆپلە شیعری بەرگری پیشکەشی بەشداران کران.

### یۆنان

رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٢/١٠/٢٣ کومیتەی حیزب لە وڵاتی یونان لە کۆبوونەوەیەك لە ژیر ناوی بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان‌و وەزعی کوردستانی عیراق‌و بە گشتی هەڵویستی کورد لە سەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی نیوەراست لە شاری ئاتین پیك هاتبوو، بەشدارییان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا کە پتر لە ٣/٥ کاتژمیری خایاند، بیجگە لە هاوریانی حیزبی چەند کەسایەتی‌و حیزب‌و ریکخراوی کوردو "عەلی کاردۆخ" میژوونووسی کوردی تورکیاو دوو مامۆستای زانکۆی ئاتین‌و نوینەری پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق‌و نوینەری حیزبی چەپی کورد لە سووریەو کۆمەڵیك رۆژنامەنوس‌و کوردی دانیشتووی ئاتین بەشدارییان کردبوو. هاورییانی حیزبیی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا بە تیروتەسەلی باردۆخی ئەمرۆی کوردستانی ئیران‌و هەڵویست‌و داخوازەکانی حیزبی دیمۆکراتیان شی کردنەوە،و سیاسەتی حیزبیان لە بارەی گۆرانکاری‌یەکانی ناوچەو جیهان روون کردەوە.

### ئاڵمان

## وەرێ خرانی خۆپیشاندانیکی ئیعتیرازی لە شاری کۆڵن

رۆژی ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٨١ی هەتاوی ژمارەیەکی بەرچاو لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بە هەڵکردنی مۆم بە نیشانەی ئیعتراز بە وەرێ کەوتنی شەپۆلیکی نویی ئیعدامی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان لە ئیران، خۆپیشاندانیکی بەرینیان لە شاری کولنی ئاڵماندا وەرێ خست‌و داوایان لە کۆرو کۆمەڵە جیهانی‌یەکان کرد کە ریگا نەدەن لە سەدەی ٢١دا ئیرانی ژیر دەسەڵاتی ریژیمی ئیسلامی بۆ سەدەکانی نیوەراست بگەریتەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوە ئیعترازی‌یەکەدا بۆ ریزگرتن لە یادو بیرەوەریی چوار زیندانیی سیاسیی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران (خالید شەوقی، هەمزە قادری، جەلیل زیوەای‌و ساڵح گوودەرزی) کە پاش چەند ساڵ مانەوە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەك مانگی رابردوودا لە لایەن ریژیمەوە ئیعدام کران، دەقیقەیەك بیدەنگی راگەیاندرا. پاشان هاوکات لەگەڵ تاریك بوونی هەواو هەڵکردنی مۆم لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە بە یادی زیندانییانی سیاسیی ئیعدام کراو، پەیامی هاوپیوەندی‌و هاوسۆزیی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمان‌و حیزب‌و ریکخراوەکانی دیکە لە پیوەندی لەگەڵ گرتن‌و دەستبەسەر کردن‌و ئیعدامی ئازادیخوازان‌و کردەوە دژی ئینسانی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی خویندرانەوە. پیویستە بگوترێ کە "کۆمەڵەی داکۆکی لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئیران ـ لقی ئاڵمان، ریکخەری ئەو خۆپیشاندانە بوو.

# کردەوەیەکی تیرۆریستی لە موسکۆ

لە سەرەتای ئەم مانگەدا ژمارەیەك بارمتەگری چیچینی خۆیان گەیاندە سالۆنیکی تئاتر لە موسکۆو ٨٠٠ کەس لە بینەرانیان بە بارمتەگرت. دیارە ئەو جۆرە کردەوانە لە لایەن هەر کەس‌و هەر لایەنیکەوە بێ‌و گیانی خەڵکی بێ‌تاوان بخەنە مەترسی‌یەوە بە کاری تیرۆریستی دادەندرین‌و مەحکوومن.

هەروەها ئەو دژکردەوەیەی کە دەوڵەتی رووسیە بۆ رزگار کردنی گیانی خەڵکی ئاسایی‌و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریستەکاندا بە کاریکی نادروست‌و نارەوا دانانرێ‌و هەر دەبوو لەو پیوەندی‌یەداو بۆ ئەو مەبەستە هەنگاو بنێ، بەڵام ئەوەی جیگای سەرنجە شیوەی بەرەنگار بوونەوەکەو بەکارهینانی ئەو کەرەسانەیە کە بۆ بەچۆك دا هینانی تیرۆریستەکان کەڵکیان لی‌وەرگیرا.

پاش کۆتایی هیرشی هیزە تایبەتی‌یەکانی رووسیەو کۆتایی هینان بەو رووداوە تیرۆریستی‌یە کە لەودا ١٥٥ کەس لە بارمتەکان‌و ٥٠ کەس بارمتەگری تێدا کوژران، دەرکەوت کە هیزەکانی رووسیە بۆ سەرکەوتن بە سەر تیرۆریستەکاندا لە جۆری گازی بێ‌هۆشکەرو جۆری گازی شیمیایی کەڵکیان وەرگرتوە. بەکارهینانی ئەو جۆرە کەرەسانە لە شەری دژی تیرۆریستی‌دا هەر ئەوەندە کە مەترسی بۆ سەر تیرۆریستەکان‌و بارمتەگران هەیە هەر بەو رادەیەش گیانی خەڵکی ئاسایی‌و بە بارمتەگیراوەکانیش وەمەترسی دەخاو بەکردەوەش دەرکەوت کە ئەگەر بە هۆی بەکارهینانی ئەو جۆرە ماددانەوە ژمارەیەك بارمتەگر لە نیو دەبرین لە بەرامبەردا چەند بەرابەری ژمارەی تیرۆریستەکان خەڵکی ئاسایی گیانیان لە دەست دەدەن، لە حالیکدا لەو جۆرە رووداوانەدا دەبێ رزگار کردنی گیانی ئەو کەسانەی کە مەترسییان لەسەرە مەبەستی سەرەکیی هیزەکانی دەوڵەتی بێ. کەچی لە لایەکەوە سەرکەوتن بە سەر ٥٠ تیرۆریست‌و بارمتەگردا ئەگەرچی جیگای رەزامەندی‌و پووچەڵکردنەوەی کاری تیرۆریستی بێ بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە دەست چوونی گیانی ١٥٥ کەس لە خەڵکی ئاسایش بێ‌گومان داخ هینەرو جیگای پێ‌ناخۆش بوونە.

# وەدواخستنی دەوری یەکەمی وتوویژەکانی نیوان یەکیەتیی ئورووپاو کۆماری ئیسلامیی ئیران

باس‌و وتوویژ لە سەر پیوەندی‌یە تیجاری‌و بازرگانی‌یەکانی یەکیەتیی ئورووپاو کۆماری ئیسلامیی ئیران چەند مانگیکە بە گەرمی لە گۆرێدایەو هەستان‌و دابەزینی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. یەکیەتیی ئورووپا بۆ ئەوەی پیوەندی‌یەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئیران پەرە پێ‌بداو لە سەر بناغەیەکی ئوسوولی لەگەڵ ئەم ریژیمە ریك بکەوێ، چەند مەرجیکی خستۆتە بەردەم کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌و رای گەیاندوە کە پەرەپیدان بە پیوەندی‌یەکانی ئەم یەکیەتی‌یە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئیران دەبەستیتەوە بە پابەند بوونی کۆماری ئیسلامی بەو مەرجانەوە. بەرەسمی ناسینی بەرەبەرەی ئیسرائیل لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوەو ریز گرتنی مافی مرۆڤ، وازهینان لە هاندان‌و پشتیوانی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامی‌یە بن ئاژۆیەکانی لوبنان، دژایەتی نەکردن لەگەڵ رەوتی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نیوەراستداو هەروەها راگرتنی بەرنامەی بەرهەمهینانی چەکە کۆمەڵ کوژەکان لەو مەرجانەن کە یەکیەتیی ئورووپا بۆ پەرەپیدانی پیوەندی‌یەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا، دای ناون.

ریبەرانی ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران لەبەر دژواربوونی جیبەجێ کردنی ئەو مەرجانەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنەگۆری باسی پەرەپیدانی پیوەندی‌یەکانی نیوان ریژیمەکەیان‌و یەکیەتیی ئورووپاوە هەوڵیان داوەو ئیستاش هەوڵ دەدەن کە لە هاتنە گۆری باسی مافی مرۆڤ‌و ئەو مەرجانەی کە یەکیەتیی ئورووپا باسیان لی‌دەکاو پیوەندیی نیوان خۆی‌و کۆماری ئیسلامی پیوە دەبەستیتەوە، خۆبدزنەوەو پەرەپیدانی پیوەندی‌یەکانیان لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا بەبێ مەرج‌و بە بێ باس لە مافی مرۆڤ مسۆگەر بکەن.

دیداری ئەم دوایانەی وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئیران لەگەڵ هاوتای سویسیی خۆی دەری خست کە دەست هەڵگرتنی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە رەفتارە دژی ئینسانی‌یەکانی کاریکی مومکین نیە. ناوبراو رای گەیاند کە پیشوازیی ریژیمەکەی لە وتوویژ لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا (هەرچەند سویس ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا نیە) بە مانای گۆران لە شیوە روانینی کۆماری ئیسلامی لە بواری مەسەلەی مافی مرۆڤ نیەو ئیعدام‌و بەردباران‌و لەداردانیشی بە بەشیك لە یاسای ئیسلامی دانا کە وەلانانیان مومکین نیە. خۆبواردنی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر مەرجەکانی یەکیەتیی ئورووپاداو سوور بوونی تائیستای یەکیەتیی ئورووپاش لە سەر مەرجەکانی خۆی بوو بە هۆی ئەوە کە یەکەمین دەوری وتوویژە تەجاری‌یەکانی ئەو یەکیەتی‌یەو ئیران کە دەبوو رۆژی سێ‌شەممە ١٣٨١/٨/٧ لە بروکسل بەریوە بچێ وەدواخرا.

دیارە بۆ ریژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت جیبەجێ کردنی یەکیك لەو مەرجانە زۆر دژوارەو زەحمەتەو زۆربەی ئەو خاڵانە بەشیکی ئەساسی‌و لە پایەکانی ریژیم پیك دینن‌و تەنانەت ریژیمیان پیوە دەناسریتەوە، بۆیە ئەوەی لەو پیوەندی‌یەدا دیتە بەرچاو ئەوەیە کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی نەك بە کردەوە بەڵکوو بە رواڵەت‌و لە قسەش دا نەتوانێ مەرج‌و داخوازی‌یەکانی یەکیەتیی ئورووپا جیبەجێ بکا. جا لە هەلومەرج‌و وەزعیکی وادا یەکیەتیی ئورووپا چەندە ریز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێ‌و چەندە ئامادەیە لەو پیوەندی‌یەدا چاو لە قازانجە ماددی‌یەکانی خۆی بپۆشێ‌و چەندە دەتوانێ قسەو بەڵینەکانی خۆی بەریتەسەر شتیکە کە داهاتوو دەی سەلمینێ.

# ریژیمی ئیران، کۆماری یان حکوومەتی موتلەقەی ویلایەتی فەقیە

برایم جەهانگیری

رەنگە ئەو پرسیارە لە میشکی زۆر کەس‌دا گەڵاڵە بووبێ کە بۆچی بە ریژیمی ئیران دەگوترێ کۆماری؟ ئایا ریژیمی ئیسلامی ئیران بەراستی جمهووری‌یە؟ دیارە لە زۆر جیگادا لە جیاتی ریژیمی جمهووری ئیسلامیی ئیران "ریژیمی ئیسلامیی ئیران"و یان "حکوومەتی بەناو ئیسلامیی ئیران"وەبەر چاو دەکەوێ‌و لە وتارەکاندا دەبیندرێ‌و لە باس‌و دەمەتەقیکاندا بەرگوێ دەکەوێ. لەو روانگەیەوە کە لە ئیراندا پۆستیک بە نیوی سەرکۆماری هەیەو سەرکۆماریش بە دەنگی راستەوخۆی خەلك هەڵدەبژیردرێ! قسە نیەو دەکرێ بلیین ئەو ریژیمە بەروالەت کۆماری‌یە، بەڵام چ جۆرە کۆمارو جمهووری‌یەك!

ئەگەر تۆزیك بگەرییینەوە دواوەو ئاوریك لەو ریژیمانە بدەینەوە کە بەروالەت ناوی جمهوورییان لە خۆیان ناوە، دەبینین کە هیندێ لەو ریژیمانە تەنها زاراوەی جمهووریان وەك پیشگری ناوی حکوومەتەکەیان بە خۆیانەوە لکاندووەو لە کردەوەدا فریان بەسەر جمهووری‌یەوە نیە. بۆ نموونە لە ولاتانی ئورووپای شەرقی‌دا سیستمی ئیدارەی ولات بە ناوی "کۆماری دیموکراتیکی توودەیی" ناسرابووو نیوی لێ نرابوو. لەم شیوە کۆماری‌یەدا یاسای بنەرەتی هەرگیز راپرسی گشتی بۆ نەکراوەو تەنها بەرنامەی حیزبی دەسەڵاتدار (کومۆنیست‌و چەپەکان) بەریوە چووە. یان هەر لە ولاتانی ئاسیایی‌و ئافریقایی‌دا بەروالەت هیندێ ولاتی کۆماری هەن کە زۆر جاریش هەر بە چوار ساڵ جاریك هەلبژاردن دەکەن. بەڵام نە هەموو کەس بۆی هەیە خۆی کاندید بکا بۆ سەرکۆماری‌و نە حیزبی ئازادیش هەن‌و ریگایان پێ دەدرێ کە بتوانن کاندیدا دیاری بکەن‌و هەلبژاردنیکی ئازاد وەرێ بخەن. جگە لەمە دەبینین کە سەرۆك کۆمار لەو ولاتەدا لەگەڵ شادا فەرقیکی نیەو هەتا دەمرێ هەر خۆی سەرۆك کۆمارەو کە مردیش کورەکەی جیگای دەگریتەوە، جاری واش هەیە کە کاندیدای سەرۆك کۆماری تەنیا یەك کەسەو خەلکیش دەبێ بە دەنگی بەلێ‌و نەخیر لە هەلبژاردنی ئەو تاکە کاندیدایەدا بەشداری بکەن! ئاشکراشە کە لەو جۆرە هەلبژاردنانەدا خەلك لە ژیر فشارو زەبرو زەنگدا ناتوانن "نا"ی خۆیان دەربربن. لەو ریژیمە توتالیترییانەدا ئەگەرچی هەلبژاردن هەیە، بەڵام ئاسەواریك لە بوونی سیستمیکی جمهووری بە مانای واقیعیی خۆی وجوودی نیە. لەو ریژیمانەدا نە ئازادی ئەحزاب هەیەو نە ئازادی چاپەمەنی‌و بەگشتی ئەوەی ئازادی بێ، بوونی نیە، جگە لە یەك جۆر ئازادی کە تایبەتمەندی ریژیمە توتالیترەکانەو ئەویش ئازادی دیفاع لە ریژیم‌و دەسەڵات بە دەستانە!

ئەوەمان دەبێ لەبیر بێ کە لە حکوومەتی جمهووری‌دا حکوومەت ئیرسی نیەو سەرکۆمار بە دەنگی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی خەلك هەڵدەبژیردرێ. "جمهووری جۆرە حکوومەتیکە کە لەودا جێ‌نشینی سەرۆکی ولات ئیرسی نیەو ماوەی سەرکۆماریش لەوێدا دیاری کراوەو هەلبژاردنی سەرۆکی ولات کە نیوی سەرکۆمارە بەدەنگی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی خەلك بەئەنجام دەگا. جمهووری لەبارەی مانای وشەوە بەشیکە لە دیموکراسی. بەڵام لە هەمان کاتدا زۆربەی دیکتاتۆری‌یە غەیرە سەڵتەنەتی‌یەکانیش بەو نیوە دەناسرین‌و لەو بارەوە حکوومەتی کۆماری تەنیا بە مانای حکوومەتی غەیرە سەڵتەنەتی خۆی دەنوینێ!!"(١)

بەڵام کە باسی حکوومەتی کۆماری دەکرێ، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بێ کە حکوومەتی کۆماری یانی حکوومەتی خەلکی‌و بە مانایەکی دیکە یانی حکوومەتیك کە لە لایەن خەلکەوە هەڵدەبژیردرێ. لەو ولاتانەدا کە هەلبژاردنی ئازاد هەیە، مافی هەلبژاردنی ئازادیش هەیە. کەسیك خۆی کاندیدای سەرکۆماری دەکا یان حیزبیك بەشداری لە هەلبژاردنی سەرکۆماری دەکاو کاندیدا دیاری دەکاو ئەوانیش بەرنامەی خۆیان دەخەنە بەردەستی خەلك‌و خەلکیش پاش تاوتویکردنی بەرنامەکە دەنگی خۆیان دەدەن‌و بەم جۆرە بەشداری هەلبژاردن دەکەن. لیرە بەولاوە ئەو سەرکۆمارەی کە بە دەنگی خەلك هەلبژیراوە، ویست‌و خواستی ئەو خەلکە بەجێ دەگەیەنێ کە ئەویان کردۆتە سەرکۆمار، یانی بەرنامەکانی خۆی دەباتە پیشێ. کەوابێ لە حکوومەتی کۆماری‌دا هەلبژیران‌و هەلبژاردن بە تەواوی ئازادەو سەرکۆماریش بێ دلەراوکێ دەتوانێ ویست‌و خواستی خەلك بەدی بینێ. بەو پێیە ئەو جۆرە کە دەگوترێ جمهووری "بەشیکە لە دیموکراسی" لەو خالەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەلبژیران‌و هەلبژاردن دەبێ ئازاد بێ. ئایا بە گویرەی ئەو پیوەرو پیوانانە لە ئیراندا سیستم، حکوومەتی موتلەقەیە یان کۆماری؟! ئایا هەر بە گویرەی یاسای بنەرەتی لە ئیراندا شیوەی حکوومەت دەتوانێ کۆماری بێ؟ با سەرنجیکی ئەسلی سەدو پازدەی یاسای بنەرەتیی ریژیم بدەین" سەرکۆمار دەبێ لە نیو کەسایەتی مەزهەبی‌و سیاسی هەڵبژیردرێ کە ئەم مەرجانەی تێدا بێ:

بەرەگەز ئیرانی، خەلکی ئیران، مودیرو بەریوەبەر، خوشناوو ئەمانەتدار بێ، خواناس بێ‌و باوەری بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران‌و مەزهەبی رەسمیی ولات هەبێ." (٢)

کە دەلێ سەرکۆمار لە نیو کەسایەتی‌یە مەزهەبی‌یەکاندا هەڵبژیردرێ، بە مانای ئەوەیە کە نابێ سەرکۆمار غەیرە مەزهەبی بێ. لیرەدا خودی ئەم دەبێ‌و نابێ‌یە وەك حوکمدانیکی بەر وەخت بۆ خەلکی ئیران وایە، ئەمەش بە مانای لێ ئەستاندنەوەی مافی هەلبژاردن‌و هەلبژیرانی ئازادە، کەوایە یەکیك لە بەندەکانی حکوومەتی کۆماری واتە ئازادیی هەلبژاردن و هەلبژیران بە پیی یاسای بنەرەتی هەر لە سەرەتاوە پیشیل کراوە، پاشانیش کە دیتە کۆتایی بەندەکە دەلێ: "باوەری بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران‌و مەزهەبی رەسمیی ولات هەبێ" واتە مەزهەبی شیعە. کە ئەوەش لەجێدا چەند میلیون کەس لە هاونیشتمانانی سوننی مەزهەب‌و غەیرە موسولمان لە مافی کاندیدا بوون بێبەش دەکاو لەراستی‌دا بەشیکی دیکەیە لەو بەلگە حاشاهەلنەگرانەی کە دەی‌سەلمینێ ریژیمی ئیران هەر بە پیی یاسای بنەرەتی، کۆماری نیە، بەلکوو حکوومەتی ئیسلامی‌یە، ئەویش ئیسلام بوون لە روانگەی خۆیانەوە، چونکە زۆر کەسایەتیی مەزهەبیی شیعەو سوننی هەن کە رەفتارو کرداری دەسەڵات بەدەستانی ئیران بە رەفتاری ئیسلامی نازانن. ئەو حکوومەتە سەرەرۆو پاشکەوتووەو لەگەڵ هیچ یەك لە بیرە پیشکەوتووەکانی ئەمرۆش‌دا یەك ناگریتەوە. سەرەرای هەموو ئەوانە دەکرێ زۆر سووك‌و ئاسان سەرکۆمار لە لایەن ریبەری نیزامەوە وەلا بنرێ‌و یان هەر لە سەرەتای سەرۆك کۆماری‌دا حوکمەکەی نەسەلمیندرێ.

"ئیمزای حوکمی سەرکۆماری دوای هەلبژاردنی خەلك‌و هەروەها لابردنی سەرکۆمار لە سەر کار بە لەبەرچاو گرتنی مەسلەحەتی ولات."(٣) لە ئەرکەکانی ریبەری نیزامە!

پاش ئەو هەموو شەرت‌و مەرجە بۆ بوون بە سەرکۆمار وەك لە ئەسلی ١١٥دا هاتوە، دیسانیش زۆر بەراحەتی‌و بەپیی یاسا سەرکۆمار لە لایەن ریبەرەوە وەلا دەنرێ‌و هیچ بایەخیکیش بۆ دەنگی خەلك دانانرێ. دەکرێ بلیین سیستمی حکوومەت لە ئیراندا کۆپی‌یەك لە جمهووری یان شیوەیەکی تازەیە لە جمهووری! کە هیندە بە هاسانی ناکرێ ناوی جمهووری لەسەر دابنرێ. چونکە لەم شیوە حکوومەتەدا نە لە پیش هەلبژاردن‌دا سەرکۆمار دەسەڵاتی هەیەو نە بە دوای هەلبژاردنەکەش‌دا. هەر کاتێ دەولەت‌و سەرکۆمار ویستیان کاریك بکەن بەڵام ریبەر ئەم کارەی بەدڵ نەبوو، ئەوا یان دەبێ سەرکۆمار لە کارەکەی پاش‌گەز بیتەوەو یان وەك بەنی سەدر لە لایەن ریبەرەوە وەلا دەنرێ‌و دەسەڵاتی لێ دەستیندریتەوە. دیارە ئەو دەسەڵاتەی کە لە لایەن خەلکەوەو لە هەلبژاردن‌دا پیی دراوە! ئیمە لە دوای هەلبژاردنی شەشەمین دەورەی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئیران‌و پاش ئەوەی بالی چەپ ویستی لە مەجلیس‌دا گەڵالەیەکی تازە بۆ ئیسلاحی یاسای چاپەمەنی بخاتە بەر باس، دیتمان کە ریبەر لەویش‌دا دەخالەتی کردو بە ناردنی نامەیەك ئیزنی بەکەس نەدا لەو گەڵالەیە بکۆلیتەوەو تا ئیستاش ئەو گەڵالەیە هەر "پووش بە سەر" ماوەتەوە.

ئایا بەم جۆرە ئەگەر سەرکۆمار ویستی گەڵالەیەك بەقازانجی خەلك بداتە مەجلیس، ئەو گەڵالەیە بێ ئیزنی ریبەر ئیمکانی پەسند کردنی هەیە؟ ئایا پیش ریبەریش شووڕای نیگەهبان وەك هەتا ئیستا دیتراوە ریگا دەدا شتیکی بە پیچەوانەی رای ئەو کە لە مەجلیس‌دا پەسند دەکرێ، جیبەجێ بکرێ. یاسای بنەرەتی لە ئیراندا بەو هەموو تانوپۆیەوە، خۆی لە خۆی‌دا یاسایەکی کۆماری‌و گەلی نیە، چۆن دەتوانێ حکوومەتی کۆماری‌و گەلی لێ بکەویتەوە! بەو پێیە دەکرێ نیزام‌و سیستمی دەسەڵات بەدەستان لە ئیراندا بە نیوی حکوومەتی ئیسلامیی ئیران‌و یان ریژیمی ئیسلامیی ئیران نیو بەرین، بەڵام کە پیی دەلین کۆماری ئیسلامیی ئیران، لەراستی‌دا ستەمیکە لە مەقوولەی کۆماری دەکرێ. دوکتور سادق شەرەفکەندی لە وتاریکی رادیۆیی‌دا لە ساڵی ١٣٦٧داو لەژیر ناوی "ئایا ریژیمی ئیران ریژیمیکی جمهووری‌یە" دەلێ:

"ئەگەر بمانهەوێ بە شیوەیەکی گشتی‌ترو واقیع‌بینانەتر بروانینە ریژیمی ئەمرۆی ئیران، راستی ئەوەیە کە ئەم ریژیمە بە هیچ جۆرێ ریژیمیکی جمهووری نیەو عینوانی کۆمار یان جمهووری بۆ ئەم ریژیمە عینوانیکی زۆر بێ مانایە. چونکە لەم ریژیمەدا تەواوی دەسەڵات‌و ئیختیارات بەرەسمی لەدەست "وەلی فەقیە" دایە کە ئەویش لە لایەن خەلکەوە دیاری ناکرێ. "وەلی فەقیە" بۆ خۆشی خۆی بە هەلبژاردەی خەلك نازانێ." (٤)

بەم جۆرە شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ساڵی ١٣٦٧دا ئاماژەیەکی بەو مەسەلە گرنگە کردوەو زۆر وریایانە دەری خستوە کە حەیفە بە ریژیمی ئیران بگوترێ کۆماری ئیسلامی. وەك لە سەرەتاوە باس کرا کۆمار یان جمهوور بە مانای خەلکەو حکوومەتیك دەتوانێ بە کۆماری بناسرێ کە بەرژەوەندی‌و ئاسوودەیی کۆمەلانی خەلکی لەبەر چاو بێ‌و دەسەڵاتیش لە خەلك وەربگرێ. هەر بۆیە حکوومەتیك کە بە پیی یاسا تەنیا یەك لایەن‌و یەك تاقمی لەبەر چاو بێ (مەزهەبی شیعەو کەسایەتی‌یە مەزهەبی‌یەکان) ناتوانێ حکوومەتیکی گەلی‌و کۆماری بێ.

سەرچاوەکان:

**١ـ دانشنامەء سیاسی ـ داریوش آشوری ـ لاپەرە ١١١**

**٢ـ یاسای بنەرەتی ـ ئەسلی ١١٥**

**٣ـ یاسای بنەرەتی ـ بەندی ٤ و ٥ ئەسلی ١١٠**

**٤ـ هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی ل ـ ٢١٠**

# بەتاڵان بردنی کانەکانی کوردستان

هەژیر

هەم حکوومەتی پاشایەتی‌و هەم حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە بواری دانانی پلان‌و دارشتنی بەرنامەی ئابووری بۆ کوردستان ئەوپەری کەمتەرخەمییان لەخۆیان نیشان داوە. لەم دوو جۆرە سیستمەدا نەتەنیا لە کانگاکانی کوردستان لە پیناوی خۆشگوزەرانیی خەلك‌و بووژاندنەوەی باری ئابووریی کوردستان کەلك وەرنەگیراوە، بەلکوو ئەم سەرچاوانە بە شیوەیەکی زۆر نامرۆڤانەو بە مەبەستی پرکردنی گیرفانی تاقمیکی تایبەت لە خاك دەرهینراون‌و بۆ پوخت کردنیان بەرەوشوینەکانی دیکەی ئیران گواستراونەتەوە. بە واتایەکی دیکە دەسەڵاتدارانی ئیران تەنانەت ئامادە نین کارخانەی پوختکردنی ئەو سەرچاوە ژیرزەوییانەی کە لە کوردستاندا هەن هەر لە کوردستان ساز بکەن‌و لە ئاکام‌دا بە قازانجی خەلکی کوردستان کەلکیان لێ‌وەربگیرێ. تەنانەت ئەگەر بۆشیان نەکرابێ یان نەیان توانیبێ ئەو سەرچاوەو کانانە رەنیو بینن، ئەوا زۆر بە دەست‌و دڵ ئاوەلەیی‌و لە ساتوسەودایەکی تایبەتی‌دا ئیمتیازی دەرهینانەکەی دەدەن بە شیرکەتە بیانی‌یەکان. ئیستا کە کۆماری ئیسلامی بە دەست زۆر قەیرانی نیوخۆیی‌و دەرەکی‌یەوە دەنالینێ، دەستی کردوە بە دانی ئیمتیازی جۆراوجۆر بە شیرکەتە بیانی‌یەکان. هەتا بە بەستنی ئەم جۆرە ریککەوتنە ئابوورییانە لە داهاتوودا بتوانن بۆ پاراستنی ریژیمەکەیان هاوپەیمان‌و پشتیوان پەیدا بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش کانزاو سەرچاوە ژیرزەوی‌یەکانی کوردستانیان کردۆتە قوربانیی بەرژەوەندی‌یە نارەواکانیان لەگەڵ کۆمپانیا بیانی‌یەکانداو بەم تەخشان پەخشانەی سەروەت‌و سامانی خەلکی کوردستان، جاریکی دیکە رووی راستەقینەو دژی گەلیی خۆیان دەرخستەوە.

بە پیی هەوالیك کە لە سایتی هەوالدەریی زاگرۆس (ئیناز) بلاوکراوەتەوە، شیرکەتیکی ئینگلیسی بە ناوی ریوتینتۆ (Riotino uining and Ezploration LTD) قەراردادیکی ٢٢٥ میلیۆن دولاری بە مەبەستی دەرهینانی کانەکانی زیر لە کوردستانی ئیران لەگەڵ کاربەدەستانی ریژیم‌دا مۆر کردوەو بە پیی سەودای بەرابەر (بیع متقابل) کۆمپانیای ناوبراو چەندین بەرابەری ئەو برەپارەیە لەم مامەلەیەدا قازانج دەکا. ئەم کۆمپانیایە بە پیچەوانەی ئەوەی کە لە قانوونی ئەساسیی ریژیم دا هاتوە، رادەی ١٠٠٪ی خاوەندارەتیی (مالکیت)ی ئەم کانانە لە ئیختیار دەگرێ‌و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئیسلامی بۆ پاساودانی ئەو ساتو سەودایەیان رایان گەیاندوە کە ٣٠٪ لە بەشەکان (سهام)ی ئەو کانانە دراوە بە شیرکەتیکی ئیرانی بە ناوی "سیسکۆ ئیران"، بەڵام بە بلاوبوونەوەی تەواوی وردەکاری ئەو ریکەوتنە، دەردەکەوێ کە بریار وایە ٣٠٪ی بەشەکانی (سهام) ئەو شیرکەتە بە ناوی وەگەرخستنی سەرمایەوە لە لایەن هەمان کۆمپانیای ئینگلیسی‌یەوە وەك وام بدرێ بە شیرکەتی سیکۆ ئیران . بەمجۆرە دەردەکەوێ کە ریژیمی ئیسلامی ئامادەیە هەروا بە ئاسانی سەروەت‌و سامانی ولاتەکەمان بە کۆمپانیا بیانی‌یەکان هەراج بکا. تەنانەت ئامادە نین کە ئەو برە پارەیەی کە لەم ریگەیەوە دەستیان دەکەوێ بۆ ئاوەدانکردنەوەو خزمەت بە خەلکی بەشخوراوی ولاتەکەمان تەرخان بکەن. سەیر لەوەدایە سوپای پاسداران کە هەمیشە خۆی بە پاریزەری سەروەت‌و سامانی خەلکی‌و بەرژەوەندی گشتیی دەزانێ، بەرپرسایەتیی دابین کردنی ئەمنییەتی ئەو ناوچانەی وەئەستۆ گرتوە کە قەرارە ئەم شیرکەتە ئینگلیسی‌یە کاریان تێدا بکاو بە پیی ئەو گەڵالەیە سوپا دەبێ دانیشتوانی چەندین گوندی ئەو ناوچانە بە زۆر راگویزێ تا ئەمنییەتی ئینگلیسی‌یەکان!! دابین بکرێ. خەلکی ئیران سالانیکی دوورو دریژە بۆ میللی کردنی سامانی ولاتەکەمان، بە تایبەتی کانەکان تێدەکۆشن، هەر لەبەکارنەهینانی تووتن (تحریم تنباکو)را بگرە تا میللی کردنی نەوت لە لایەن "دوکتور موسەدیق"ەوە هەموو بەلگەی حاشا هەلنەگرن بۆ ئەو راستی‌یەی سەرەوە، کەچی دەسەڵات بەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی تازە دەیانەوێ ئەو دەسکەوتانەی گەلانی ئیران بە نرخیکی هەرزان‌و لە پیناوی پاراستنی ریژیمەکەیاندا دوو دەستی پیشکەش بە کۆمپانیا خاریجی‌یەکان بکەن. ماشاللا لەو هەموو بەخشش‌و دلاوایی‌یەکان!!

# به بۆنەی پەنجایەمین سالی راپەرینی جووتیارانی موکریانەوە

برایم چووکەلی

به دوای جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستانو گیرانەوەی شارو ناوچە ئازادکراوەکانی کۆمار، جاریکیتر زولمو زۆریو سەرکوتی دەستو پیوەندەکانی حەمەرەزاشا لەسەر کوردستان سیبەری خستو بێحورمەتیو سووکایەتی بە وەرزیرانو زەحمەتکیشان سەری هەڵدایەوە. ئاغاو دەرەبەگەکان ئازارو ئەزیەتی وەرزیرانو پیشیلکردنی مافەکانی ئەوان گەیاند بووە ئەو پەری خۆیو بە شیوەی جۆراوجۆر جووتیارانیان دەچەوساندەوە هەر بەو پێیەش بزووتنەوەیەکی خەباتگیرانە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەرەبەگەکان لە نیو جووتیارانی موکریاندا بەرەبەرە لە حالی گەشەکردندا بوو. هاتنە سەرکاری دەولەتی موسەددیقو کرانەوەی فەزایەکی ئاوەڵای سیاسی دەرفەتیکی باشی بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی جووتیاران بە دژی حەمەرەزاشاو دەرەبەگەکانی ناوچە خولقاند. خەلکی کوردستان بەگشتیو وەرزیران بەتایبەتی کە هیشتا داخی لەدەستچوونی کۆماریان لەدڵدا بووو لە لایەکی دیکەشەوە پشتیان لە ژیر ستەمی نەتەوایەتیو فشاری باجو خەراجی ئاغاکاندا چەمابۆوە، بە دژی ئەو بارودۆخە راپەرینو جووڵانەوەیەکی بەرینیان وەرێ خست.

دوکتور موسەددیق سەرۆك وەزیری ئەو کات لە رەزبەری ١٣٣١دا بۆ کەم کردنەوەی دەسەلاتو پاوانخوازیی دەرەبەگەکان قانوونیکی لە ژیر ناوی سەدی بیست (٢٠٪)دا پەسند کرد. ئەم قانوونە جۆریك دابەشکردنی بەرهەم لە نیوان جووتیارانو خاوەن ملکەکاندا بوو، بەو شیوەیە دەبوو ٢٠٪ی داهاتی مولکانە لە دەرەبەگو خاوەن ملکەکان وەربگیرێو سەدی دەی بدرێ بە وەرزیرانو سەدی دەی دیکەش لە ریگای شوورایەکەوە بۆ ئاوەدانیی ئاوایی کەلکی لی وەربگیرێ. ئەو قانوونە ئەوەندەی کە لە نیو وەرزیراندا پیشوازیی لی کرا، ئەوەندەش بووە هۆی توورەییو نارەزایەتیی دەرەبەگەکان. هەر بۆیەش دەرەبەگەکان بە ئاشکرا بەرهەلستی بوونەوەو بە کردەوە زیاتر لە جاران فشاریان خستە سەر جووتیارانو لە زۆر شوینانیش، لە دانی بیست لە سەدی دیاریکراو خۆیان دەپاراستو زولمیکی یەکجار زۆریان لە جووتیاران دەکرد.

ئەگەر ئاوریك لە پیوەندیی ئەو کاتی نیوان خاوەن ملكو جووتیاران بدەینەوە دەبینین پەسەندکرانی ئەو یاسا نوێیە هاندەریك بوو بۆ خەبات دژی دەرەبەگە چەوسینەرەکانو بەرەنگاربوونەوەی جووتیاران بۆ وەدەست هینانی مافە چینایەتییەکانیان. لەو هەلومەرجەدا جووتیاران لە بەرانبەر یەککگرتوویی دەرەبەگەکانو هاودەستیی ژاندارمەکاندا بەرینوینیو پشتیوانیی حیزبی دیموکرات بە شیوەیەکی یەککگرتوو بەرەنگاری ئاغاکان بوونەوە. ریکخراوەکانی حیزبی هەرچەند ئەو کات بەتەواوی زیندوو نەببوونەوە بەلام لە دوو بارەوە یارمەتیی باشی جووتیارانیان کرد، لە لایەك راستەوخۆ رینوینییان دەکردن کە چۆن هەقی خۆیان بەپیی قانوونی پەسندکراو بستینینو تییان گەیاندن کە گونجاندنی ئەو قانوونە پاشەکشەیە بە دەرەبەگایەتیو هەنگاو بۆ دوارۆژ خۆش دەکا، لە لایەکی دیکەوە هەولیان دەدا کە راپەرینی جووتیاران لە تاران دەنگ بداتەوەو تەئسیری سیاسیی هەبێ.

لە هیندیك جیگا وەك فەیزوللابەگی، ئەحمەدی کۆر، چۆمی مەجیدخان، کە ناوەندی راپەرین بوون، ئاغاکان گوندەکانیان بەجێ هیشتو چوونە نیو شاری بۆکان. بەشیوەیەك کە بۆکان ببووە جیگای ئاژاوەو پیلانگیریی دەرەبەگەکانو ژاندارمەکان دژی جووتیارانی ناوچەی موکریان. هەروەها لە شاماتو شارویران، چۆمی مەجیدخانو لە ناوچەی سندووسیش، جووتیاران کۆمیتەی خۆیان پیك هیناو لە ژیر ناوی جێبەجێ کردنی قانوونی سەدی بیستدا خەباتی خۆیان پەرە پێ داو لە نیو کۆمیتە پیکهاتووەکاندا نوینەریان هەڵ بژاردو بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانی دەرەبەگەکانو ژاندارمەکان دەیان ناردنە ئیدارەکانی دەولەتیو هەموو خەرجیکی پیویستی ئەو کارەیان دابین دەکرد.

ئەو کات لە ئیران بەگشتیو هەروەها لە کوردستانیش دوو سیاسەت بەریوە دەچوون، یەکەمیان سیاسەتی دەولەتی (بەرنامەکانی موسەددیق)، ئەوی‌تریان سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئەرتەش بوو کە راستەوخۆ لە شا فەرمانی وەردەگرت. هەر بۆیە ئامرازیك بۆ گونجاندنی قانوونی ٢٠٪ بەدەستەوە نەبوو. چونکە لە کوردستان ئەرتەش راستەوخۆ دەستی لە هەموو کاریك وەردەدا، لە هەلومەرجیکی یەکجار دژواردا جووتیاران زۆر ئازایانە بە رینوینیی حیزبی دیموکرات لە بەرەیەکدا بەرەنگاری دەرەبەگەکانو هاوپەیمانەکانیان (ئەرتەشو شا) بوونەوەو راپەرین. شا بە پیچەوانەی موسەددیقو دەولەتەکەی، پشتیوانیی لە دەرەبەگەکان دەکرد. بۆیە سەرتیپ موزەففەری فەرماندەری ئەو کاتی مەهاباد کە ئینسانیکی بەرتیلخۆرو گویرایەلی دەرەبەگەکان بوو، بە لەشکریکی کۆكو پۆشتەوە بۆ سەرکوتی جووتیارانی راپەریو واتە جووتیارانی ناوچەی بۆکان کەوتە رێو چەكو تەقەمەنییەکی زۆری لە نیو دەرەبەگەکاندا بلاو کردەوە. لەو هیرشە سەرکوتکەرانەو وەحشیانەیەدا جووتیارانی ناوچە بەتوندی سەرکوت کرانو ماڵو منداڵو پیرو لاو وەکوو یەك کەوتنە بەر پەلاماری هیرشکەرەکان (دەرەبەگەکانو ژاندارمەکان). تەنانەت منالی چەند مانگەیان بە لانکەوە لە چۆمی تەتەهوو دەهاویشتو خەلکی تازەکەندو قەباکەندی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان تەرمی خنکاوی ئەوانیان لە ئاو دەگرتنەوە.

دەرەبەگەکان بە هاوکاریی پشتیوانەکانیان، ئەو کەسانەیان کە دەوری بەرچاویان لە راپەرینەکەدا هەبوو دەربەدەر کردو هەر بەوەندەش رانەوەستان. سەدان کەسیان بە مالەوە لە گوندەکان دەرکرد. ئەم کردەوە سامناکە هەر چەند لە ناوچەیەکی بچووکدا بەریوە چوو بەلام لە ئاکامی هەولی حیزبی دیموکراتدا لە ئیراندا دەنگی دایەوە. دەربار ناچار بوو بۆ ئەوەی ریسوا نەبیت پیشی دەرەبەگەکان بگرێ تا چی دیکە کوشتاری خەلك نەکەن.

ئەم کردەوە شۆرشگیرانەیەی حیزبی دیموکرات لەو سەردەمەدا لە لایەك کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تێگەیاندنو وشیارکردنەوەی جووتیارانو زەحمەتکیشان هەبوو و لایەنگریکی زۆری لە دەوری حیزب کۆ کردەوەو پایەی ریکخراوەیی حیزبی دیموکراتی لە نیو جووتیاراندا بەهیزکردو جووتیارانی کوردستان بەگشتیو ناوچەی موکریان بەتایبەتی ئەزموونیکی باشیان لی وەرگرت.

لە لایەکی دیکەشەوە زەمینەیەکی وای پیك هینا کە دوا بە دوای کودیتای ٢٨ی گەلاویژی ١٣٣٢ ئەو ناوچەیە ببێ بە پەناگایەکی ئەمن بۆ ئەندامانی حیزب، بە چەشنیك کە خەلکی ئەم ناوچەیە بە هەموو شیوەیەك یارمەتی ئەندامانی حیزب بدەن.

ئەگەرچی راپەرینی جووتیارانی موکریان پاش شەش مانگ سەرکوت کرا، بەلام ئیستا پاش تیپەرینی ٥٠ ساڵ بەسەر ئەم راپەرینەدا، هیشتا یادی ئەو بزووتنەوەیە لە نیو دلی جووتیاراندا زیندوویەو حیزبی دیموکراتیش ئەو راپەرینە وەك لاپەرەیەکی زیرینی میژووی خەباتی ٥٧ سالەی خۆی چاو لی دەکاو ریزی لی دەگرێ.

راپەرینی جووتیارانی موکریان ئەگەرچی سەرکوت کرا بەلام وەك ئەزموونیك لە لایەن خەلکی ئەو ناوچەیە کەلکی لی وەرگیراو بوو بە هەوینی خەباتو خۆراگریو بەربەرەکانی بە دژی زۆردارانی دەسەلاتدار لە قۆناغەکانی دواتردا. خەلکی ناوچەی موکریان لە ماوەی نزیك ٢٤ ساڵ دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام لە مەیدانی خەباتو تیکۆشاندا بوونو وەك هەمیشە بەپیی رینوینییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دریژەیان بە خەبات بە دژی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی داوەو لە ریگای وەدیهینانی ئامانجەکانی خۆیانو گەلەکەیاندا هەزاران رۆلەی خۆیان لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستاندا، کردوە بە قوربانی.

یادی خەباتو بەربەرەکانیی جووتیارانو زەحمەتکیشانی موکریان لە راپەرینی ٦ مانگەیاندا بە دژی دەرەبەگەکانو پشتیوانەکانیان لە پاییزو زستانی ١٣٣١دا بەریز بێ.

# دەرکرانی دوو دیپلوماتی سوئیدیو ئیرانی لەو دوو ولاتە

لە کۆتایی مانگی رەزبەری سالی ١٣٨١ی هەتاویدا ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران دیپلوماتیکی سوئیدی لە تاران وەدەرنا. کاربەدەستانی ریژیم بێئەوەی بەلگەیەکی روونیان بۆ ئەو کردەوەیە بەدەستەوەبێ، تەنیا وەك دژکردەوەیەك بە وەدەرنانی دیپلوماتیکی خۆیان لە سوئید بریاری وەدەرنانی ئەو دیپلوماتە سوئیدییەیان دا. سوئید پیشتر دیپلوماتیکی ریژیمی کۆماری ئیسلامی وەدەرنابوو کە لە بالویزخانەی ریژیم لە سوئیدو لە بەشی بازرگانیی ئەو بالویزخانەیە لە ستۆکهۆلم کاری دەکرد. دەولەتی سوئید هۆی وەدەرنانی ئەو دیپلوماتەی کۆماری ئیسلامی ئەوە راگەیاند کە ناوبراو زۆر جار هەولی داوە ئەو جۆرە کەرەستانە بکرێ کە کەلکی دوو لایەنەیان لیوەردەگیرێ، واتە هەم لە بواری غەیرە نیزامییو هەم لە بواری بەرهەم هینانی کەرەسەی شەرو کوشتاری بە کۆمەڵدا دەکرێ کەلکیان لیوەربگیرێ. بەم جۆرە لە روانگەی دەولەتی سوئیدەوە ئەم مەئموورە ئیرانییە کردەوەی دوور لە ریوشوینی دیپلوماتیکی ئەنجام داوەو دەولەتی سوئید لەو پیوەندییەشدا بەلگەی سەلمینەرو حاشا هەلنەگری بەدەستەوەیە. دیارە ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران لەو بارەوە وەك هەمیشە پەنای بۆ حاشا لی کردنو داپۆشینی مەسەلەکە بردوەو هەولی داوە مەسەلەکە تەنیا وەك دژکردەوەیەك دان لە چوارچیوەی وەدەرنانی دیپلوماتیکی سوئیدیدا بەرتەسك بکاتەوە.

بەراستی ئەگەر دەولەتی سوئیدو باقیی ولاتانی ئورووپاییو ئیسکاندیناوی نەیان هەوێ خۆ لە راستییەکانو کردەوە دزیوەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە ولاتەکانیاندا بدزنەوەو بۆ دریژەدان بە پیوەندییەکانیان لەگەڵ ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران دا چاو لەو جۆرە رەفتارانەی ئەم ریژیمە بنووقینن، هەر کام لەو مەسەلانە بۆ ئەوە دەبن کە لە رادەی جیهانیدا زیاتر لەقاو بدرینو پتر نیوەرۆکی کۆماری ئیسلامیو شیوەی کەلك وەرگرتنەکەی لە بەناو بالویزخانەکانی لە ولاتان بخەنە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهانی. بە تایبەت ولاتی سوئید، کە لە یەك دوو مانگی رابردوودا ژمارەیەك لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو ولاتە پەردەیان لە سەر بەشیك لە کارو کردەوە تیرۆریستیو دژ بە ریوشوینی دیپلوماتیکەکانی ئەو بە ناو دیپلوماتانە لادا کە ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران بە ناوی کارمەندی بالویزخانەو لە ژیر ناوی دیپلوماتیکدا رەوانەی ولاتانی دەرەوەیان دەکا. بەلام لە راستیدا ئەرکی سیخوریو تیرۆری موخالیفانو کرینی کەرسەی شەرو کوشتاری بە کۆمەلیان وەك ئەرکی سەرەکیو ئەسلی بۆ دیاری کراوە.

گومان لەوەدا نیە کە هەرچی ولاتە رۆژئاواییەکان بۆ پاراستنی پیوەندییەکانیان لەگەڵ ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران زیاتر پەنا بۆ داپۆشینو پووش بەسەرکردنی رەفتاری نادروستو نارەوای ئەو ریژیمە بەرن، پتر ریگا بۆ ئەو ریژیمە دژی ئینسانیو دژی ئازادییە لە دریژەدان بەو جۆرەکارانەی خۆش دەکەن. بە تایبەت کە ولاتانی ئورووپاییو لە نیو ئەوانیشدا ولاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا هیچ ئاکامیکی باشو دلخوازیان لە دیالۆگی بەناو رەخنەگرانەی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئیران کە پاساویك بوو بۆ دریژەدانی پیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو ریژیمە، وەرنەگرتو ئیستا خۆیان بە شیوەیەك دان بەو راستییەدا دەنین.

ئەوەی دەتوانێ ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە دریژەدان بە کردەوەی نائینسانیو ناشارستانیانە بگیریتەوە هەلویستی قورسو قایمو دەست وەبەر دەست هینانی بەکردەوەیە، کاریك کە تا ئیستاش دەولەتانی رۆژئاوایی بە دەگمەن خۆیان لیداوە.

✪✪✪

# دابەزینی ئاستی وەرزشی ئیران لە ئاسیادا

میهدی بەدری

چواردەیەمین خولی پیشبرکێ ئاسیایی‌یەکان کە بە بەشداریی زیاتر لە ۱۱ هەزار وەرزشکار لە ٤٤ وڵاتی ئاسیایی لە شاری بوسانی کورەی باشوور دەستی پێ‌کردبوو، ڕۆژی ۲۳ی رەزبەر لە ریورەسمیکی بەشکۆدا کۆتایی پێ‌هات. ئاستی وەرزشی وڵاتانی ئاسیایی لە کاتی بەریوە چوونی ئەم یارییانەدا، دەردەکەوێ. هەربۆیە زۆر وڵات بە دوای کۆتایی هاتنی هەر خولیكدا، بەرنامەریژیو سەرمایەگوزاری بۆ وەرزشی خۆیان دەکەن تا لە داهاتوودا سەرکەوتنی زۆرتر وەدەست بینن.

ئیران لە خولی سیزدەهەمی ئەم یارییانەدا کە سالی ۱۹۹۸ لە بانکۆك پیتەختی وڵاتی تایلەند بەریوە چوو، پلەی حەوتەمی ئاسیای وەدەست هینا. لەوکاتەوە تا ئیستا بەریوەبەرانی وەرزشی ئیران بۆ بەشداریی باشتری ئیران لە خولی چواردەهەمدا بە ڕەوالەت لە هەوڵو کۆشش دابوونو تەنانەت چەند ڕۆژ پیش دەست پیکردنی یاری‌یەکان بەلینی وەدەست هینانی ۲۵ میدالی زیریان دابوو. دیارە هەر ئەو کات روونو ئاشکرا بوو کە وەدەست هینانی ئەوەندە میدالە بۆ وەرزشی ئیران لە ئاسیادا، کاریکی دژوارەو لە توانای وەرزشی ئیراندا نیە. کاروانی ۳۰۰ کەسیی ئیران کە تەنیا ۱٤۰ کەسیان وەرزشکار بوون! بەرەو شاری بوسان شوینی بەریوە چوونی یاری‌یەکان وەرێ کەوت. لە نیو وەرزشکارانی ئیرانی‌دا، قارەمانانی ئولەمپیك، جیهانو ئاسیا بەرچاو دەکەوتن. ڕۆژی ٥ی رەزبەر بە دەست پیکردنی یاری‌یەکانی فووتبال پیشبرکێیە ئاسیایی‌یەکان دەستیان پێ‌کردو هەروەك چاوەروان دەکرا، وەرزشکارانی ئیران نەیانتوانی بەرگری لە پلەی حەوتەمی خولی پیشووی خۆیان بکرن. زۆرانی ئیران کە بیست ڕۆژ پیشتر پلەی یەکەمی جیهانی وەدەست هینابوو، لەم یارییانەدا تەنیا پلەی سیهەمی وەدەست هینا. دەبیر، حاجی‌زادەو جەدیدی لە زۆرانداو تەوەکوللی، نەسیریو باقری لە کیش هەلگری‌دا؛ بیهزاد خودادادلە تیکواندۆدا، میر ئیسماعیلی لە جوودۆداو . . . هتد، کەسانیك بوون کە ساڵانی پیشوو لە یاری‌یەکانی ئولەمپیكو جیهانی‌دا پلەی یەکەمیان وەدەست هینابوو، کەچی لەم یارییانەدا تووشی شکستو دابەزین بوون. لە کۆتایی ئەم پیشبرکێیانەدا، کاروانی وەرزشیی ئیران تەنیا ۸ میدالی زیر، ۱٤ میدالی زیوو ۱٤ میدالی برۆنزی وەدەست هیناو بەگشتی سێ پلە خوارتر لە خولی سیزدەهەم خۆی گرتەوە.

بە دوای کۆتایی هاتنی یاری‌یەکانی ئاسیاییو ئاکامی لاوازی ئیران لەم پیشبرکییانەدا، تەواوی بەریوەبەرانی وەرزشیی ئیران لە سەرۆکی "سازمان تربیت بدنی"و سەرۆکی فیدراسیۆنەکانەوە بگرە تا دەگاتە راهینەران تەنانەت یاریزانانیش کەوتنە بەر رەخنەو داوای وەڵامدانەوەیان لی کرا. بە بروای بەریوەبەرانی وەرزشیی ئیران، بۆ سەرکەوتنی وەرزشیی ئیران لە ئاسیادا هەم بەرنامەریژی کرابوو، هەم پوولیکی زۆر تەرخان کرابوو. بەڵام ئەم شکستو لاوازی‌یەی وەرزشی ئیران بۆ ئەو کەسانەی خاوەن راو پسپۆری وەرزشین زۆر ئاسایی‌یە چۆنکە کەمو کووری‌یەکانو گرفتەکان دەناسن. سەیر ئەوەیە کە بەریوەبەرانی وەرزشی ئیرانیش بەو کەمو کوروری‌یانە دەزانن، بەڵام هیچ هەنگاویکی بناغەیی بۆ هەڵ ناگرن. وەرزش لەم سەردەمەدا، لەچوارچیوەی ئاماتور هاتۆتە دەرو بە شیوەی حیرفەیی بەریوە دەچیو وەکوو سەنعەتیك چاو لی دەکرێ. وەرزشی حیرفەیی ئیمکاناتو بەرنامەریژیی حیرفەیی دەوێ. تەرخان کردنی ئیمکاناتی پیویست، خوراکی پیویست، کەلك وەرگرتن لە زانستی ڕۆژو بەرنامەریژیی دروستو کاری بناغەییو پەروەردە کردنو پیگەیاندنی لاوانو تازە پیگەیشتووان رەمزی سەرکەوتن لە وەرزش‌دان.

لەوانەیە بەریوەبەرانی وەرزشی ئیران پییان وابووبێ کە ئەم هەزینە کەمەو ئەو راهینانە کورت خایەنە کە بۆ وەرزشی ئیران تەرخان کراوە، تەواوە. بەڵام لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی لەباری وەرزشی‌یەوە پیشکەوتوودا زۆر کەمکاری کراوەو ئیمکاناتی وەرزشیی ئیران وەڵامدەری حەشیمەتی وەرزشکاری ئیران نیە. کاری بناغەییو ریشەیی زۆر لاوازو بایەخیکی ئەوتۆی پێ نادرێ. وڵاتانی سەنعەتیو پیشکەوتوو بەو هۆیەوە کە وەك سەنعەت چاو لە وەرزش دەکەن، هەر وەك سەنعەتیش سەرمایەی بۆ تەرخان دەکەنو ڕۆژ بە ڕۆژیش سەرکەوتن وەدەست دینن. باشترین بەلگەش ئاستی وەرزشی وڵاتانی، چین، کورەو ژاپۆن لە نیو وڵاتانی ئاسیایی دایە، کە خۆیان لە وەرزشی ئاسیا جیا کردۆتەوەو لە ئاستی جیهانی‌دا خۆیان دەنوینن.

وەرزشی ئیرانیش ئەگەر ئاوریکی لی نەدریتەوەو هەر لە سەر ئەو بەرنامەیە برواتە پیش، نە تەنیا سەرکەوتن وەدەست ناهینێ بەلکوو لە خولی پازدەهەم (۲۰۰٦ی قەتەر)دا لەوانەیەی پلەی دەهەمیش لە دەست بداو دیسان لە ئاستی ئاسیادا دابەزێ. لە ئیراندا بە دوای هەر شکستیك تەنیا بە لابردنی راهینەر یا سەرۆکی فیدراسیونیك کۆتایی بە مەسەلەکە دینن، ئەمجاریش رووی زۆربەی رەخنەکان لە راهینەرو سەرۆکی فیدراسیۆنەکانە. ئەوە لە حالیك دایە کە وەرزشی ئیران لە بناغەوە نەخۆشەو دەبێ کاری بناغەیی بۆ بکرێ تا لە داهاتوودا سەرکەوتنیك کە شایانی وەرزشی ئیرانە وەدەست بێ.

# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئامادە کردنی: ئەشکان

### کوورش باقریو میدالی زیوی بوسان

کورش باقری کیش‌هەلگری کرماشانیی تیمی ئیران، کە لە پیشبرکێکانی ئاسیایی ۲۰۰۲ی بوسانی کورەی باشووردا بەشدار بوو، پلەی دووهەمی لە کیشی ۹٤ کیلودا وەدەست هینا. ناوبراو نەیتوانی ئاستی هەمیشەیی خۆی نیشان بداو بە هەلگرتنی ۱۷٥ کیلو لە حەرەکەتی یەك جار (یکضرب)و ۲۱۰ کیلو لە حەرەکەی دووجار (دوضرب)داو بە گشتی بە هەلگرتنی ۳۸٥ کیلۆ پلەی دووهەمو میدالی زیوی وەدەست هینا.

### سەرکەوتنی پوویا دادرەس لە پیشبرکیی خویندکارانی زانستگاکانی جیهان‌دا

یاری‌یەکانی کاراتەی قارەمانیی خویندکارانی زانستگاکانی جیهان، کە بە بەشداریی ۸۰۰ یاریزان لە وڵاتی ئۆکراین دەستی پێ‌کردبوو، ڕۆژی ۱٦ی رەزبەر کۆتایی پێ‌هاتو پوویا دادرەس یاریزانی کرماشانیی تیمی خویندکاران زانستگاکانی ئیران، سێ‌میدالی زیرو زیوی وەدەست هینا.

ناوبراو لە کیشی ۸۰ کیلۆدا دوای سەرکەوتن بە سەر تەواوی رەقیبەکانی لە پلەی یەکەم‌دا میدالی زیری وەدەست هیناو هەروەها لە کومیتەی تاکەکەسی (انفرادی)دا دوو میدالی زیوی وەدەست هینا.

### کۆتایی هاتنی چواردەیەمین خولی پیشبرکێ ئاسیایی‌یەکان (۲۰۰۲ بوسان)

ڕۆژی سێ‌شەممە ۲۳ی رەزبەر لە ریورەسمیکی تایبەتی‌دا یاری‌یە ئاسیایی‌یەکان (۲۰۰۲ی بوسان) کۆتایی پێ‌هاتو ئاکامی یاری‌یەکان هەر وەکوو پیشوو چووە نیو میژووی ئەم یاری‌یانە.

۱۱٦۰۰ یاریزان لە ٤٤ وڵاتی ئاسیایی‌یەوە لە ماوەی ۱۸ ڕۆژ لە (٥ی رەزبەر تا ۲۳ی رەزبەر)دا پیکەوە یارییان کردو لە ئاکام‌دا ۳۹ وڵات میدالی ئەم پیشبرکێیانەیان وەدەست هینا. هەر وەك خولی پیشوو چین زۆرترین میدالی وەدەست هیناو دەری خست کە وڵاتی یەکەمی وەرزشی ئاسیایە. ئیران کە لە خولی پیشوو (۹۸ی بانکۆك)دا پلەی حەوتەمی وەدەست هینابوو، لەم یارییانەدا بە وەدەست هینانی تەنیا ۸ میدالی زیر، ۱٤ زیوو ۱٤ برۆنز پلەی دەیەمی وەدەست هینا.

## ریزبەندی میدالەکان

| ریز | وڵات | زیر | زیو | برۆنز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | چین | ۱٥۰ | ۸٤ | ۷٤ | ۳۰۸ |
| ۲ | کورەی باشوور | ۹٦ | ۸۰ | ۸٤ | ۲٦۰ |
| ۳ | ژاپۆن | ٤٤ | ۷۳ | ۷۲ | ۱۸۹ |
| ٤ | قرقیززستان | ۲۰ | ۲٦ | ۳۰ | ۷٦ |
| ٥ | ئۆزبەکستان | ۱٥ | ۱۲ | ۲٤ | ٥۱ |
| ٦ | تایلەند | ۱٤ | ۱۹ | ۱۰ | ٤۳ |
| ۷ | هیند | ۱۱ | ۱۲ | ۱۳ | ۳٦ |
| ۸ | تایوان | ۱۰ | ۱۷ | ۲٥ | ٥۲ |
| ۹ | کورەی باکوور | ۹ | ۱۱ | ۱۳ | ۳۳ |
| ۱۰ | ئیران | ۸ | ۱٤ | ۱٤ | ۳٦ |
| ۱۱ | عەرەبستان | ۷ | ۱ | ۱ | ۹ |
| ۱۲ | مالیزی | ٦ | ۸ | ۱٦ | ۳۰ |
| ۱۳ | سەنگاپوور | ٥ | ۲ | ۱۰ | ۱۷ |
| ۱٤ | ئەندۆنیزی | ٤ | ۷ | ۱۲ | ۲۳ |
| ۱٥ | ویتنام | ٤ | ۷ | ۷ | ۱۸ |
| ۱٦ | هۆنگ کۆنگ | ٤ | ٦ | ۱۱ | ۲۱ |
| ۱۷ | قەتەر | ٤ | ٥ | ۸ | ۱۷ |
| ۱۸ | فیلیپین | ۳ | ۷ | ۱٦ | ۲٦ |
| ۱۹ | بەحرەین | ۳ | ۲ | ۲ | ۷ |
| ۲۰ | کووەیت | ۲ | ۱ | ٥ | ۸ |
| ۲۱ | سری لانکا | ۲ | ۱ | ۳ | ٦ |
| ۲۲ | پاکستان | ۱ | ٦ | ٦ | ۱۳ |
| ۲۳ | میانمار | ۱ | ٥ | ٦ | ۱۲ |
| ۲٤ | قەزاقستان | ۱ | ٥ | ٦ | ۱۲ |
| ۲٥ | تورکمەنستان | ۱ | ۲ | ۱ | ٤ |
| ۲٦ | مەغوولستان | ۱ | ۱ | ۱۲ | ۱٤ |
| ۲۷ | لوبنان | ۱ | – | – | ۱ |
| ۲۸ | تاجیکستان | – | ۲ | ٤ | ٦ |
| ۲۹ | ماکائۆ | – | ۲ | ۲ | ٤ |
| ۳۰ | ئەمارات | – | ۲ | ۱ | ۳ |
| ۳۱ | بەنگلادیش | – | ۱ | – | ۱ |
| ۳۲ | سووریە | – | – | ۳ | ۳ |
| ۳۳ | نیپاڵ | – | – | ۳ | ۳ |
| ۳٤ | لائوس | – | – | ۲ | ۲ |
| ۳٥ | ئۆردۆن | – | – | ۲ | ۲ |
| ۳٦ | ئەفغانستان | – | – | ۱ | ۱ |
| ۳۷ | یەمەن | – | – | ۱ | ۱ |
| ۳۸ | برۆنئی | – | – | ۱ | ۱ |
| ۳۹ | فەلەستین | – | – | ۱ | ۱ |
| | | | | | |

**رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران هەموو ڕۆژێ**

**بەیانیان سەعات ۷ تا ۹**
**ئیواران سەعات ۷ تا ۹**
**بەکاتی تاران**
**لەسەر شەپۆلی کورتی ۷٥ میتر (فریکانسی ۳۹۸٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بلاو دەکاتەوە.**
**بەرنامەی کوردی سەعاتی ۱۲/٥ی پاش نیوەرۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤۱ میتر بەرامبەر بە ۷۲٥۰ کیلۆهیرتز دووپات دەبیتەوە.**
**ژمارە تەلەفونو فاکس بۆ پیوەندی‌گرتن بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران**
**۰۰۸۷۱۷٦۲۲۸۰۷۳: تەلەفون ۰۰۸۷۱۷٦۲۲۸۰۷٤: فاکس**

لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13

**بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکراتو پیشکەوتووەکانی ئیران تێبکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 352 6 Nov 2002

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕاوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


# داوای مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی لەلایەن حەوت ڕیکخراوی ژنانی ئیتالیاییەوە

حەوت ریکخراوی ژنانی ئیتالیایی داوایان لە دەولەتی ئیتالیاو یەکیەتیی ئورووپا کردوە کە چیتر لە بەرامبەر رووداوەکانی ئیراندا بێ‌دەنگ نەبن‌و ئەو ولاتە بە تاوانی پیشیلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم بکەن.

هەروەها "مارکو پانللا" دامەزرینەرو رێبەری حیزبی ڕادیکاڵی ئیتالیاش بێ‌دەنگی لە ئاست ئەو کردەوانەی کە وەك جینایەت دژی مرۆڤایەتی ناوی هێنان، مەحکووم کردو گوتی: "دەبێ ڕێورەسمی هەڵبژاردنی شاژنی جوانی جیهان کە بڕیارە لە مانگی دیسامبردا لە ولاتی ئەفریقایی نیجیریەدا بەریوە بچێ نەك هەر ببیتە هۆکاریك بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ یاسای بەردباران‌و سزای ئیعدام کە لە ئۆستانەکانی باکووری ئەو ولاتە ئەفریقاییەدا بەریوە دەچن، بەلکوو دەبێ ببیتە هۆکاریك بۆ بەربەرەکانی دژی ئەو قانوون‌و سزایانە لە سەرانسەری جیهاندا. "مارکو پانللا" کە لە کۆنفرانسی رۆژنامەنووسیی حیزبی رادیکاڵدا بە بۆنەی بەسترانی کۆنگرەی داهاتووی ئەو حیزبەوە قسەی کرد، گوتی: "دەبێ ریورەسمی هەلبژاردنی شاژنی جوانیی دنیا کە سەرنجی ٥ میلیارد کەس لە ٥ قارەی جیهاندا بۆ لای خۆی رادەکیشێ، بکەینە سەرەتایەك بۆ خەباتیکی جیهانی دژی بنئاژۆیی‌و رسم‌و یاسای کۆنەپەرستانە.

"مارکو پانللا" بە پیچەوانەی ئەو کەسانەی کە پیشنیار دەکەن ریورەسمەکە بە هۆی بریاری بەردبارانی "ئەمینە لە لەوال" بە تاوانی زینا، لە نیجیریەدا بەریوە نەچێ، لەو باوەرە دایە کە دەبێ لەم هەلە بۆ لەقاودانی جینایەتی بنئاژووەکان لە سەرانسەری جیهاندا کەلك وەربگیرێ. "مارکو پانللا" بەریوەبردنی ئەو ریورەسمەی نیجیریە بە نیشانەی سەرکەوتنی توندرەوە مەزهەبیەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەزانێ کە چەند حەوتوویە هەرەشەی کوشتنیان لە بەریوەبەرانی ریورەسمەکە کردوە.

## دۆزینەوەی گۆشتی فاسید لە دە ئۆستان خەریکە دەبیتە قەیرانیکی کۆمەڵایەتی



**ع. رەهنەموون**

حکوومەتە توتالیتێرو دیکتاتۆرو سەرکوتکەرەکان، نەتەنیا مافە سیاسی‌یەکانی هاووڵاتیان زەوت دەکەن‌و ولات دەکەنە زیندانیکی گەورە، بەلکوو تەنانەت ناتوانن تەندروستی‌و سەلامەتیی هاووڵاتیانیش بپاریزن. شتیکی سروشتیە لە ولاتیكدا کە ئازادیی سیاسی نەبێ، ریگا بۆ چەکەرە کردنی باندو رانتە ئابووری‌یەکان کە بە چارەنووسی خەلك کایە دەکەن خۆش ببێ. ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە ماوەی دەسەلاتی رەشی خۆیدا نەتەنیا هەموو مافە سەرەتایی‌یە سیاسی‌یەکانی گەلانی ئیرانی پیشیل کردوە، بەلکوو تەندروستیی دەروونی‌و جەستەیی خەلکیشی بە شیوەیەکی ترسناك‌و لە ریگای جۆراوجۆرەوە خستۆتە مەترسی‌یەوە.

هەروەك لە هەوالەکاندا هاتبوو، دۆزینەوەی دەیان تۆن گۆشتی پیس‌و هەلگری ئەنگەل لە ١٠ ئوستانی ئیران دا خەریکە دەبیتە قەیرانیکی کۆمەڵایەتی بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، چونکە رۆژ لە دوای رۆژ لە هەموو ناوچەکانی ئیراندا ئەم گۆشتە ئەنگەلی‌یە دەدۆزنەوە. شایانی باسە کە چەند کەس لە پیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا گیراون‌و دادگایەك بۆ لیکۆلینەوە سەبارەت بەو کیشەیە پیك هاتوە. بەڵام شتیك کە بۆتە جیی سەرسورمانی رای گشتی ئەوەیە کە ئەو دادگایە لە پشت دەرکە داخراوەکانەوە بەریوە دەچێ. بۆیە ئەو بۆچوونە لە نیو رای گشتیی خەلکی ئیراندا بلاوبۆتەوە کە هۆی نهینی بوونی ئەو دادگایە بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی سەرەکیی هینان‌و بلاوکردنەوەی ئەو گۆشتە بن.

مەسەلەیەکی دیکە کە ئەم کیشەیەی قوولتر کردۆتەوە ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو گۆشتە پیسەدا، رۆژی چوارشەممە ٣٠ی ئۆکتۆبر، "عەلی رەزا نووری" نوینەری تاران‌و "مەسعوود هاشمیی زیهی" نوینەری خاش لە مەجلیس‌دا بە رووداوی وەرگەرانی ماشین لە جادەی چالووس‌دا گیانیان لە دەست دا. هەر دوو کەسی ناوبراو لە نوینەرەکانی ئیسلاح تەلەبی مەجلیس بوون. "عەلی رەزا نووری" کە خۆی پزیشك بوو، بەرپرسی کۆمیسیۆنی بیهداشتی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بووو وەك نوینەریکی چالاك ناسرابوو. هەروەها "هاشمیی زهی"یش نوینەری یەکیك لە هەژارترین ناوچەکانی ئیران بوو کە ناوبراو هەولی دەدا کە ئیمکاناتی خزمەتگوزاری‌و لەشساغی بۆ ناوچە هەژارەکەی دابین بکا.

هاوکات بوونی دۆزینەوەی ئەم گۆشتە لەگەڵ کوژرانی ئەم دوو کەسەدا، بووە هۆی ئەوە کە ئەم بۆچوونە لە لای خەلك‌و رۆژنامەنووسان بەهیز ببێ کە پێ‌دەچێ هیندێ لە کاربەدەستانی ریژیم لە پشت ئەم رووداوە بن. بە سەرنجدان بەوە کە ئەو دوو کەسە لە بەرپرسانی کۆمیسیۆنی بیهداشتی مەجلیس بوون گومانەکە بەهیزتر دەبێ. شتیکی دیکە کە لەم پیوەندی‌یەدا جیگای سەرنجە ئەوەیە کە بەرپرسە حکوومەتی‌یەکان بە شیوەیەکی ناسروشتی پەلەیان لە ناشتنی تەرمی ئەم دوو نوینەرەی مەجلیس‌دا کردوە.

شایانی باسە بەهیز بوونی دەنگۆی نائاسایی بوونی کوژرانی ئەو دوو نوینەرە، مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ناچار کرد کە کۆمیتەیەك بۆ لیکۆلینەوە لەو رووداوە پیك بینێ.

ئەم رووداوانە ئەوە روون دەکەنەوە کە کۆماری ئیسلامی بە جۆریك لەگەڵ قەیرانی هەمەلایەنەدا رووبەروو بۆتەوە کە هەموو مەسەلەیەکی بچووك‌و گەورە دەبیتە قەیرانیکی کۆمەڵایەتی‌و رەوتی رووداوەکان خەریکە بە تەواوی لە کۆنترۆلی کۆماری ئیسلامی دەچیتە دەرەوە.

## ٢٠ کچی فرۆشراوی ئێرانییان لە پاکستان گەڕاندەوە



٢٠ کچی ئیرانی کە بۆ کەلك وەرگرتنی جنسی، بە چەند کەسیکی پاکستانی فرۆشرابوون، لە کاتیكدا کە لە رووی جەستەیی‌و دەروونی‌یەوە تووشی ئازاریکی زۆر ببوون گەرانەوە ئیران.

ئەم کچانە لە ریگای ئەو قاچاخچییانەوە کە دەچنە مالی خیزانە نەدارەکان‌و بە روالەت دەیان خوازن‌و مارەیان دەبرن، بەو پاکستانییانە فرۆشرابوون. شایانی باسە کە هیندێ لەوانە تەمەنیان تەنیا ١٢ سالە.

بە پیی هەوالەکان هیشتا لەم پیوەندی‌یەدا سەدان‌و بگرە هەزاران کچی کەم تەمەنی ئیرانی لە پاکستان‌و میرنشینەکانی کەنداوی فارس دان کە لە ریگای باندە قاچاغەکانەوە فرۆشراون.

### مرواری دەریای وشە

**راديكاڵ ئەو کەسەیە کە بەردەوام چاوەدیری ئەو مەودایەیە کە لە نیوان ئەوەی هەیەو ئەوەی دەبێ هەبێ، بەدی دەکرێ.**
(برایان دهد)

**رەخنەگر کەسیکە کە هونەری بینین فیری کەسیك دەکا.**
(بریمت)

**ئەگەر هونەر نەبوایە هەقیقەت وردوخاشی دەکردین.**
(نیچە)


بەر لە ماڵوایی

## شێعری "هەژار"

## لە خزمەت بوژاندنەوەی گیانی کوردایەتی‌و نەتەوە پەرستی‌دا

**بە نیشانەی هاودەنگی لەگەڵ فستیڤالی ریزنان لە مامۆستا هەژار (هەولیر ـ٣، ٤ و ٥ی ١١ی ٢٠٠٢)**

**ع. وریا**




"کەریمی حەمەدکۆ" نە لە باری تەمەنەوە ئەوەندە لە ئیمە گەورەتر بوو، نە ئەو موحیتەی تیی‌دا پەروەردە ببووو تیی‌دا دەژیا، جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی لەگەڵ هی ئیمە هەبوو. لە باری تەمەنەوە هەر یەك دوو ساڵ لە ئیمە گەورەترو لە خویندنیش‌دا سالیك لە پیش ئیمەوە بوو، سیی ناوەندیی دەخویند. ئەویش وەك ئیمە لە دێرا بۆ خویندن هاتبووە شار، هەروەك ئیمە لە مشتەری‌یە بەردەوامەکانی سینەماو فیلمەکانی ئەو سەردەمەی ئیران بوو. سەرو بنی قسەی ناوی "فردین"، "بیك ایمانوردی"، "ناصر ملك مطیعی"، "بهروز وثوقی"، "میری"، "وحدت"و . . . بوو. ویردی سەر زاری ئەویش وەك زۆر میرمنداڵ‌و لاوی ئەو رۆژگارە، گۆرانی‌یەکانی "آغاسی"، "ایرج"، "گلپایگانی"و. . . بوو.

بە راستی لەو سەردەمەدا کە "کەڵ بە موو بەند بوو"، کە خویندن، سینەما، تەلەویزیون، رادیۆو چاپەمەنی هەموویان لە خزمەتی شوشتنەوەی میشکی ئیمەو پشت کردنمان لە هەموو پیناسەیەکی نەتەوایەتیمان دابوون، "کەریم" شیعری " کوردستان، ئەی نیشتمانم"ی لە کویو لە کێ بیستبووو تەنانەت هاتبووە بەریشی؟ لە نیو کورو کالی ئەو سەدان بنەمالە کوردە ئاوارانەی کوردستانی عیراق کە لە دەوروبەری شنۆیە گیرسابوونەوە، دۆست‌و هاوریی پەیدا کردبوون‌و لەوانی بیستبوو؟ لە خزم‌و کەسەکانی لای "کۆیە"یان، کەسیك هاتوچۆی دەکردو ئەو جۆرە شتانەی فیردەکرد؟ نازانم.

بەڵام دەزانم ئەگەر بە ریکەوت شەویك لە شەوان لە کۆری چەند کەسیی ئیمەی دۆستانی خۆیدا، چەندین بەیت لە شیعری "کوردستان، ئەی نیشتمانم"ی لەبەر بۆ نەخویندباینەوە، بە سەرسورمانەوە لیمان نەدەپرسی: "ئەوە چ بوو گوتت؟"، ئەویش نەی دەگوت: "شیعری شاعیریکی کورد"، ئیمەش بە زاردابچراوی‌و واق ورماوی نەمان دەپرسی: "بۆ مەگەر کوردیش شاعیری هەیە؟ ئەویش لە وەڵام‌دا نەی دەگوت" "بەلێ هەژار شاعیری گەورەی کوردەو ئەوە شیعری وی بوون. ئەگەر فارسەکان فیردەوسی‌یان هەیە، کوردیش هەژاری هەیە. لە سەر کوردایەتی چەندین ساڵ دەربەدەر بووەو لە شۆرشی ئەودیودا لەگەڵ مەلا مستەفا بووەو . . .".

ئەگەرچی زانیاریی ئیمە لەو سالانەدا لە بارەی "هەژار"ەوە، لەوەندەی کەریم پیی گوتین، تێ‌نەپەری، بەڵام هەر بەو رووداوە درزیکی گەورە کەوتە ئەو دیوارەی هەلومەرجی سەردەمی نیزامی شایەتی لە دەوری میشکی ئیمەی هەلچنیبوو. دەرك کردنی ئەو هەقیقەتە سادەو ساکارە، بۆ من شتیك بوو لە چەشنی لەخەو راپەرینی نوستوویەك، لە چەشنی وەخۆهاتنەوەو پەی بردن بە چەندین ساڵ لەخۆ بیگانە بوون، لە چەشنی دانانی سنووریك بۆ "نەبان" بوون لە زمان‌و میللیەتی خۆم، سەرەتایەك بوو بۆ هەست کردن بە هیندیك راستیی دیکەو دروست بوونی زۆر پرسیار لە میشکم‌دا.

✧✧✧

لە تیگەیشتنی ئەو سەردەمەی ئیمەدا، شاعیرانیش وەك زۆر کەسایەتی‌و "بژاردە" (نوخبە)ی دیکەی کۆمەڵ شتیکی یەکجار جیاواز لە خەلکی ئاسایی بوون‌و لەوانە بوون کە کەم کەس بۆی هەبوو لە نزیکەوە بیان بینێ. بە خەونیشم دا نەدەهات رۆژیك لە رۆژان "هەژار"ی شاعیری کورد ببینم. بۆیە یەك دوو ساڵ دواتر، کاتیك "غەفوور راوەندی"ی رەحمەتی لە میتینگیکی گەورەدا کە رۆژیك دوای بە خاك سپاردنی تەرمی خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی، لە مەیدانی فووتبالی شاری شنۆ پیك هات، رای گەیاند ئیستا مامۆستا هەژار شیعر دەخوینیتەوە، لە خۆشییان وەخت بوو بفرم. بۆ ئەوەی جوانتر بیبینم خۆم گەیاندە ریزەکانی پیشەوەی خەلکەکەو بە هەیەجان‌و سەرسورمانیکی کەم وینەوە گویم بۆ راگرت‌و لیی رامام. ئەوەندە بە عەلاقەوە گویم لی گرتبوو دەتوانم بلیم زۆربەی زۆری ئەو شیعرەیم هاتەبەر کە لەوێ خویندیەوە. دەست بەجیش بریارم‌دا هەر کە لە خویندنەوەی شیعرەکەی بۆوە، خۆی بگەیەنمێ، تا بە بیانووی کێ شانی وینەیەکی یادگاری لەگەلی، چەند کەلیمە قسەی لەگەڵ بکەم‌و پیشی بلیم کە عەلاقەم بە شیعرو شاعیری هەیە. هەرواشم کرد.

✧✧✧

بیرەوەریی رۆچوون بە ناخی بەشیك لە شیعرەکانی "بۆ کوردستان"ی مامۆستا هەژاردا، وەك بیرەوەریی بۆ یەکەم جار بیستنی ناوی‌و بۆ یەکەم جار (و بەداخەوە دواجار) چاوپیکەوتنی، لە لای من ئازیزو لەبیر نەکراون.

نیوان گەلاویژو خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی، گوندی "سەرگیز"ی شنۆ بیجگە لە پەلیك پیشمەرگەی "لکی شەهید مستەفا جەوان" هەر پازدە بیست کەسیك ژن‌و پیاوی خەلکی ئاوایی لی مابوون. بەو هۆیەوە کە چەند رۆژیك پیشتر هیزەکانی کۆماری ئیسلامی لە پەلاماریك بۆ سەر ئەو گوندە دا تیك شکابوون‌و تانگیکیشیان لەلایەن پیشمەرگەکانەوە بە دەسکەوت لی گیرابوو، کەم رۆژ هەبوو لە پیگەی "پیرناسر"و "خانلەر"ەوە نەدریتە بەرتۆپ‌و خۆمپارە. تەنیا پەناگەیەکی بریك قایم کە لە کاتی تۆپ‌و خۆمپارە باران دا شکمان دەبرد، ژیرزەمینی مالی ئاغای دێ بوو. ئای چەند خۆش بوو کە لە نیو کەلوپەلەکانی نیو ئەو ژیر زەمینەدا کە دەتگوت موزەخانەی شوینەواری لەمیژینەیە، (چونکە پر بوو لە کووپەو گۆزەو کاسەو. . . ) جلدیك "بۆ کوردستانم" دۆزییەوە. لەو ساتەوە تا نزیك دوو مانگ دواتر، ئەم دیوانە شیعرە یەکەم ئەنیس‌و هاودەمی من بوو. ئەگەر منی بەداخەوە خویندەوارترین کەسی پەل، بە ١٧ ساڵ تەمەنەوە، بۆخۆم لە بارەی کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری‌یەوە قسەیەکی وام نەبوو یا شتیکی ئەوتۆم بۆ کۆمەلیك پیشمەرگەی لەخۆم بەشان‌و باهۆترو بە تەمەنتر پێ‌نەبوو، "بۆ کوردستان" بە فریام گەیشتبوو و لە هەر دەرفەتیکی گونجاودا بۆ هاورییانی پیشمەرگەم دەخویندەوە. شیعری هەژار گیانی بەرخودان‌و کۆلنەدانی تیدا بەهیز دەکردین، کوردستانی کیلراو بە تۆپ‌و خۆمپارەی لەبەر چاومان شیرین‌تر دەکردو پاریزگاری لە خاك‌و نەتەوەی خۆمانی تارادەی گەورەترین عیبادەت، لە لامان بەرز دەکردەوە.

لەو کاتەوە هەتا ئیستا هەر کات دەمەوێ گیانی کوردایەتی‌و نەتەوە پەرستی لەخۆم‌دا ببووژینمەوە، پەنا دەبەمەوە بەر شیعرەکانی مامۆستا هەژار.